# ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان، لە چارەسەرکردنی قەیرانی سیاسی هەرێمی کوردستان (قەیرانی سەرۆکایەتی هەرێم وەك نموونە)

## (توێژینەوەیەکی رووپێوییە)

فاخر حسن خاتو [1]    پ.ی.د.صادق حمه غریب [2]

[1,2] بەشی ڕاگەیاندن/ کۆلێژی ئاداب زانکۆی سەلاحەدین / زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر

**پوختە:**

ئەمرۆ زانستی پەیوەندییە گشتییەکان رۆڵی گرنگی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیدا هەیە و هەر رێکخراوێك چ سیاسی یان رێکخراوە نێودەوڵەتی و مرۆییەکان بن، یاخود کۆمپانیا بازرگانی و تەکنۆلۆجییەکان، وەك پێویستییەکی سەردەم بۆ گەیاندن و گەیشتن بە ئامانجەکانی دەبێت لەگەڵ ژینگەی ناوخۆیی و دەرەکی هەوڵی خۆگونجاندن بدات و لە رێگەی پەیوەندییە گشتییەکانەوە لێیانەوە نزیك بێتەوە.

ئەگەر پەیوەندییە گشتییە بۆ بواری ئابوری و بازرگانی و رەواجکردن گرنگ بێت ئەوا بۆ لایەنی سیاسی و رێکخراوە سیاسیەکان گرنگی زیاتری هەیە بە شێوویەك کە پەیوەندییە گشتییەکان لە رێکخراو و پارتە سیاسیەکان رۆڵی گرنگ دەگێرن لەرووی پاڵپشتیکردنی قەوارەکەیان و قۆستنەوەی دەرفەتەکان بۆ مەبەستی گەشەسەندن و بەردەوامییان،

گرنگی رۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە رێکخراوە سیاسەکان لەکاتی بوونی لێکترازان و کێشە و تەنگەژە و ملاملانێی سیاسیدا زیاتر بایەخەکەی دەردەکەوێت، لە هەر شوێنێك قەیران هەبێت، لە وڵاتێك یان هەرێمێکدا یاخود پارتێکی سیاسی بخاتە بەردوەم بژاردەیەکی سەخت، ئەوکاتە بایەخی پەیوەندییە گشتییەکان زیاتر دەردەکەوێت و دەبێت ئۆرگان و دامەزراوەیی پەیوەندییە گشتییەکان رۆڵێکی گرنگ لە بەرامبەر قەیرانەکەدا بگێرن و رووبەرووی بنەوە و مامەڵەی لەگەڵدا بکەن بە گرتنەبەری رێوشوێنی گونجاو پەیوەندی لەگەڵ جەماوەر بکەن و هەموو ئامرازەکانی پەیوەندی ناوخۆیی و دەرەکی لە دامەزراوەیی سیاسیاندا دەبێت بەکاربهێنن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بیروڕای گشتی و سەرکردەکانی رای گشتی لە نێو خەڵکدا بۆ ئەوەی دۆخەکە لە قەیران دەربهێنن و کەشێکی ئەرێنی دروست بکەن بۆ گەڕاندنەوەی ناوبانگی دامەزراوە سیاسیەکان لە نێو جەماوەردا، هەروەها ژینگەیەکی سیاسی ئارام بێننەکایەوە و هەوڵ بدەن بۆ گەڕاندنەوەی دۆخی پێش قەیرانەکە لەو توێژینەوەیەدا کە سامپلی توێژینەوەکە بریتییە لە شەش پارتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان توێژەر هەوڵی داوە رۆڵی مەکتەبی پەیوەندنی گشتییان لە چارەسەرکردنی قەیرانی سیاسی هەرێمی کوردستان بخاتەروو بە تایبەتی قەیرانی سەرۆکایەکی هەرێمی کوردستان وەك توێژینەوەیەکی وەسفی رووپێوی لە رێگەی فۆرمی راپرسیەوە دەرەنجامەکانی خراوەتەروو لە ماوەی زەمەنی نێوان 2015 تاوەکو 2018ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کورستان.

**پێشەکی:**

ئەمرۆ پەیوەندی گشتی و بەڕێوەبردنی پرسێکی گرنگە بۆ هەموو رێکخراو و فەرمانگەیەکی حکومی بێت یاخود دامەزراوەیەکی سیاسی ئەو رێکخراوانەی توانیویانە پەیوەندییەکی باش و دوولایەنە لەگەڵ جەماوەردا بەدەست بهێنن، زیاتر لەلای خەڵکەوە قبوڵ دەکرێن و زیاتر متمانەیان پێدەکرێت بە تایبەت لەکاتی هەبوونی تەنگەژە و قەیرانەکاندا، ئێمە زۆرێك لە پارتی سیاسی و رێکخراوەکانمان بینیوە، بە پەیوەندییەکی گونجاو و رێکخراو، بەشێکی زۆریان توانیویانە پێگەی خۆیان لە نێو جەماوەردا زیاتر لە رێکخراوەکانی دیکەی رکابەریان بەدەستبهێنن، هەروەها رێکخراوەکانمان بینیوە کە سەرەڕای ماندووبوونێکی زۆر و چەندین ئەرکی رۆژانە، نەیانتوانیووە ئەم قبوڵکردن و متمانەیە بەدەستبهێنن، چونکە نەیانتوانیوە پەیوەندییەکی گونجاو لەگەڵ وێنەیەکی ئەرێنی و دڵنیاکەرەوە لەنێو خەڵکدا دروست بکەن.

مجلّة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 4 ، العدد 2 (2023)
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في20 نوفمبر 2023
حقوق الطبع والنشر © 2023. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

لە ڕێکخراوە سیاسیەکان و دامودەزگا حکومیەکاندا بەرپرسیاریێتی بەڕێوەبردنی پەیوەندی دەخرێتە ئەستۆی پەیوەندییە گشتیەکان و لە شکست یان سەرکەوتنیشدا هەمووان بەڕێوەبەر و ستافی پەیوەندییە گشتیەکان بە فاکتەری سەرەکی دەزانن، بەڵام هەمیشە، ستافی پەیوەندییە گشتیەکان هەموویان شکست یان سەرکەوتوو نین، بەڵام فاکتەرە جیاوازەکان لەسەر سەرکەوتن و شکستی پەیوەندییە گشتیەکان کاریگەرییان هەیە، دوای تەرخانکردنی ستافی بەئەزموون، بودجە، لێهاتوویی و دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی پەیوەندییە گشتیەکان، دابینکردنی لۆجستیک و پێداویستیەکانی کارگێڕی و پاڵپشتی مەعنەوی و سیاسی بۆ کادیرانی باڵای پەیوەندی گشتی لە پارتە سیاسیەکاندا، دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین: گرنگترین فاکتەری سەرکەوتن لە پەیوەندییە گشتیەکاندا پلانی ستراتیژی پەیوەندییە گشتیەکانە، چونکە پلانی ستراتیژی ئامانجە و چۆنیەتی گەیشتن بە ئامانجەکە نیشان دەدات بە تایبەتی لەکاتی بوونی قەیرانی سیاسیدا کە بەردەوامیەکەی لە بەرژوەندی وڵات و جەماوەردا نییە.

**بەشی یەکەم : چوارچێوەی گشتیی توێژینەوە**

**تەوەری یەکەم / چوارچێوەی زانستی توێژینەوەکە**

**. کێشەی توێژینەوەکە**

کێشە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان فرە ڕەهەندن، کێشە و قەیرانە سیاسیەکان سەردەکێشی بۆ کێشەی دابەشبوونی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سەربازی و تەنانەت کێشە ئاینیەکانیش زۆر جاران سیمایەکی سیاسی بەبەرخۆی دەدات، لێرەشەوە پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی پارتە سەرەکییەکان ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لە گەورەکردنی کێشەکان تا ئاستی قەیران یان بچوکردنەوەی کێشە تا ئاستی سازان و سەقامگیری، ئەم توێژینەوە بریتی دەبێت لەوەی ئایا تاچەند دەزگای پەیووەندییە گشتیەکانی پارتە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان و بەرپرسانی پەیوەندییە گشتیەکان ڕۆڵیان هەیە لە چارەسەرکردنی قەیرانە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان؟ ئەمانە بریتی دەبن لە کێشە سەرەکییەکانی توێژینەوە کە بەپێی توێژنەوەیەکی زانسیانە دەبنە بەشێك لە کێشەکانی توێژینەوە.

2. پرسیارەکانی توێژینەوەکە

پرسیارێکی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، بریتیە لەوەی ئایا مەکتەبی پەیووەندییە گشتیەکانی پارتە سەرەکیەکانی هەرێمی کوردستان چ ڕۆڵێکیان هەیە لە چارەسەرکردنی قەیرانە سیاسییەکان؟

کە ئەمەش چەند پرسیارێکی دیکە لەخۆ دەگرێت:

1. ئایا پێیان وایە کوردستان لە قەیراندایە و کام قەیران بەلایانەوە درێژخایەن و ریشەییە؟

2. ئایا بەرپرس و کادیرانی سیاسی پەیوەندییە گشتیەکان لە پارتە سیاسەییەکان تاچەند شارەزایی و کارامەییان هەیە لە ئەدای کاری خۆیان لە چارەسەری قەیراندا؟

3. ئاستەنگەکانی بەردەم کادیرانی سیاسی پەیوەندییە گشتیەکان چین و چۆن دەتوانن ببنە کارکتەری تێپەڕاندنی قەیرانی سیاسی بە تایبەتی قەیرانێکی وەکو سەرۆکایەتی هەرێم؟

4. ئایا لێکەوتەکانی زیانەکانی قەیرانی سیاسی هەرێمی کوردستان چین کەلە دەرەنجامی نەسازان دێنەدی؟

.5 ئایا پارتە سیاسیەکان توانیویانە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندییە گشتیەکان ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەگەڵ جەماوەری ناوخۆی و دەرەکی لە کاتی قەیرانی سیاسیدا بەدی بهێنن بە تایبەتی قەیرانی سەرۆکایەتی هەرێم و دەسەلاتە ئیداری و سیاسیەکەی؟

.6 ئایا پێیان وایە قەیرانی دەسەڵات درێژەی هەیە و دەبێت چارەسەر بکرێت؟

3. گرنگیی توێژینەوەکە

گرنگیی ئەم توێژینەوە لە سێ خاڵدا چڕ دەکەینەوە:

یەکەم: نەبوونی توێژینەوەی زانستی و ئەکادیمی پەیوەندیدار بە ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان وەك پرۆسەیەکی هەمەلایەن بۆ چارەسەری قەیرانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان گرنگی ئەم توێژینەوەیە دەردەخات،.

دووەم: گرنگیی لایەنی زانستی ئەم توێژینەوەیە، دەچێتە بواری پسپۆڕیی پەیوەندییە گشتییەکان بە تایبەت چۆنییەتیی بەگەڕخستنی دەزگای پەیوەندییە گشتییەکانی پارتە سیاسییەکانی کوردستان و هەروەها هەوڵێکی ئەکادیمیە بۆ شرۆڤەکردنی پەیوەندی و کارلێك لە نێوان پەیوەندییە گشتییەکان و زانستی بەڕێوەبردنی قەیرانە سیاسییەکان.

سێیەم: ئەم توێژینەوەیە گرنگە بۆ بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لە نێو ئۆرگانەکانی پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، کە لەو ڕێگەیەوە شارەزا دەبن لە پرۆسەی پەیوەندییە گشتییەکان و چۆنییەتیی بەکارهێنان و بەگەڕخستنی لە پێناو بەدیهێنانی سەقامگیری سیاسی کە هۆکارەکەی قەیرانی سیاسی بێت.

4. ئامانجی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە هەنگاوێکی زانستییە، هەوڵ دەدات بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی سەرەکی کە بریتییە لە (زانینی ئاست و چۆنییەتی بەکارهێنانی پرۆسەی پەیوەندییە گشتییەکان لە چارەسەری قەیرانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان). هەروەها ئەم توێژینەوەیە کۆمەڵێك ئامانجی لاوەکی هەیە کە ئەمانەن:

1ـ خستنەڕووی ڕادەی شارەزایی و لێهاتوویی کادیرانی دەزگای پەیوەندییە گشتییەکانی پارتە سیاسییەکان و ڕۆڵیان لە چارەسەری قەیرانی سیاسیدا.

2ـ زانین و دیاریکردنی ئەو بەربەرستانەی دێتە بەردەم کاری پەیوەندییە گشتییەکان لەمیانەی چارەسەری قەیرانی سیاسی.

3ـ زانینی ڕادەی کاریگەری بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندی گشتی لە چارەسەری قەیرانی سیاسیدا.

4ـ دەستنیشانکردنی جۆری ئەو ئامرازانەی کە دەزگاکانی پەیوەندیی گشتی پارتە سیاسیەکان بەکاری دێنن کە ڕۆڵیان هەیە لە پرۆسەی چارەسەری قەیراندا.

5 -دیاریکردنی ڕێژەی بوونی پەیوەندی ئاڵوگۆڕ لە نێوان دامەزراوەی پەیوەندی گشتی و جەماوەری دەرەکی لەکاتی ڕودانی قەیرانی سیاسیدا.

6ـ دیاریکردنی ڕێژەی بوونی پەیوەندی ئاڵوگۆڕ لە نێوان دامەزراوەکە و جەماوەری نێوخۆیی لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیك و ڕێوشوێنە زانستییەکان لە چارەسەرکردنی قەیراندا.

**5ـ گریمانەی توێژینەوەکە:**

کۆمەڵگەی توێژینەوەو ئاراستەیەکی گونجاو بۆ بەرچاوڕوونی توێژەر نیشان دەدات، بۆ ئەم توێژینەوەیە توێژەر چەند گریمانەیەك دەخاتەڕوو کە وەك هەوڵێك بۆ دەوسکەوتنی وڵامی ئاراستەی پرسە سەرکییەکان ئاماژەیان پێکراوە وەك

1ـ جیاوازیەکی بهاداری ئاماری هەیە لە نێوان پەیوەندییەگشتییەکان و قەیرانە سیاسیەکان لەسەر بنچینەی (ئاستی خوێندن، ساڵانی کارکردن لە نێو پارتی سیاسی و پەیوەندیە گشتیەکانی پارتە سەرەکییەکانی کوردستان).

2ـ پەیوەندییەکی ئاماری هەیە لە نێوان گرنگی پەیوەندییە گشتیەکان و ڕۆڵی پارتە سیاسیەکان و تایبەتمەندی کەسایەتی پەیوەندی گشتی لەسەر بنچینەی (پلەی حزبی و پسپۆڕێتی) لە چارەسەرکردنی قەیرانە سیاسییەکان.

3ـ پەیەوەندییەکی بهاداری ئاماری هەیە لە نێوان پلان و بەرنامەی کردەیی بۆ داهاتووی قەیران سیاسی سەرۆکایەتی هەرێم و هۆکارەکانی لاوازی رۆڵی پەیوەندییە گشتییەکانی پارەتە سیاسیەکان لە بەڕێوەبردنی قەیرانەکەدا .

تەوەری دووەم / چوارچێوەی زانستی توێژینەوەکە

**1 ـ جۆری توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەی ئەنجامدراوە توێژینەوەیەکی وەسفییە بۆ دەرخستنی کە لایەنی مەیدانی و کردەییەوە پشتی بە ڕێبازی روپێوی (مسح الاستبیانی) بەستووە کە وەك ڕێبازێکی دیاری زانستی لە توێژینەوەکانی پەیوەندی گشتی و گەیاندن پشتی پێ دەبەسترێت و ڕێکارەکانی دەگیردرێتەبەر لە لایەن توێژەرانەوە بە ئامانجی گەیشتن بە ئەنجامگەلێکی ئەکادیمی بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی توێژینەوەکە.

**2ـ ڕێبازی توێژینەوەکە**

دیاریکردنی ڕێبازی توێژینەوە پەیوەستە بە کێشەی توێژینەوە کە بتوانێت ئامانج و کێشەی توێژینەوەکە دەستنیشان بکات و ئامانجەکانی بەدەست بهێنێ کە یەکێك لە بنەما زانستیەکانی ئەم توێژینەوەیە گرتنەبەری ڕێبازێ روپێوییە، کەلە ڕێگەی فۆرمی ڕاپرسیەوە بەکارهاتووە و گۆڕاوە سەرەکی و لاوەکیەکانی بە مەبەستی گەیشتن بە داتاو زانیاری ورد لە خۆ گرتووە، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی شیکردنەوەی ئەو داتاوزانیاریانە مەبەست و ئامانجی توێژینەوەکە جێبەجێ بکات.

**3ـ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە**

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە سەرپەرشتیار و بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییە گشتیەکان و وتەبێژ و بەرپرسی مەکتەبی ڕاگەیاندنی شەش پارتی سەرەکی لە هەرێمی کوردستان و ئەندامانی مەکتەبی پەیوەندییە گشتییەکانیان کەلە بواری پەیوەندی گشتی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان کار دەکەن و وەکو کارەکتەری سەرەکی بە کادیری سیاسی پەیوەندی گشتی لە ئۆرگانە حزبیەکانیان دەستنیشان کراون.

**4ـ نمونەی توێژینەوەکە**

لەم توێژینەوەیەدا نمونەی مەبەستدار ( العینة القصدیة) بەکار هاتووە کە هۆکاری بژاردەی کەسی ڕەچاوکردووە کە توێژەر پێوەری زانیاری لە پێشینەی لە بارەی نمونەی ڕەچاوکردووە ئەویش لە رووی شارەزاییان، بەرپرسیارێتی و ئەزمونیان، خەسڵەت و تایبەتمەندی کەسی و زانستیان، نزیکی و ئاگاداریان لە قەیرانی سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان و قەیرانی سیاسی سەرۆکایەتی هەرێم کە شەش پارتی سەرەکین لە هەرێمی کوردستان/عێراق، لە نێوان ساڵانی لە 2015 تا 2018 ی خولی چوارەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ، نمونەیەکی مەبەستدارە لە ئەندامانی باڵای ئۆرگانی پەیوەندیە گشتیەکانی پارتە سیاسیەکان کە ژمارەیان لە (70) کەس دەبن لە 100% نمونەی لێتوێژەران وەرگیراوە.

**تەوەری دووەم: پەیوەندیە گشتییەکان**

**یەکەم: چەمك و پێناسەی پەیوەندیە گشتییەکان:**

پەیوەندیی گشتی لەڕووی زمانەوانی و چەمکەوە لە دوو بڕگە دێت، کە بریتین لە: پەیوەندی)العلاقة ( relation و گشتی) العامة Public)کە پێکەوە واتای پەیوەندیە گشتییەکان (العلاقات العامة) (The public relations) دەگەیەنێت.

سەبارەت بە پێناسەیەك بۆ چەمکی پەیوەندیی گشتی تاوەکو ئێستا زانا و پسپۆڕان و کۆمەڵەکانی تایبەت بەم بوارە کۆڕا و یەك دەنگ و بۆچوون نین، بەڵکو هەریەکەیان لەباری سەرنجی تایبەتی و تێڕوانین و گۆشەنیگای خۆیەوە پێناسەی جیاواز و جۆراوجۆریان بۆ کرد. (ئیڤی لی) باوکی پەیوەندییە گشتییەکان، پێی وایە ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکان پەیوەندی بە میدیا و بڵاوکردنەوەی زانیاری دروست لەسەر دامەزراوەکە بۆ ڕای گشتی هەیە بە مەبەستی بەدەستهێنانی پشتیوانییەکەی.. هەواڵ، بولیتین، وێنە، پەخشی داتا، سەرنج، نمایشکردنی فیلم و پێشانگە و سیمینار لەم کارەدا بەکاردەهێنرێت. ئامێری پەیوەندییە گشتیەکان بە پێدانی زانیاری دروست ئامانجەکانی ڕێکخراو و چالاکییەکانی بە شێوەیەکی دروست دیاری دەکات و دواتر کار بۆ گونجاندنی ئاراستەکانی ڕێکخراوەکە و کارەکانی لەگەڵ گروپە جیاوازەکان دەکات. هەوڵ دەدات پشتگیری بەردەوام بۆ ئەم ئامانجانە یان بۆ ئەم چالاکییە بەدەستبهێنێت. (احمد 2019، 136)

لەگرنگترین و سەرەکیترین ئەو پێناسانەش ئەمانەی لای خوارەوەن:

پێناسەی پەیمانگای پەیوەندیی گشتی بەریتانی دەڵێت: پەیوەندی گشتیی هەوڵێکی پلاندارە بە مەبەستی درووستکردنی پەیوەندی و تێگەیشتن لە نێوان ڕێکخراو و جەماوەردا دەدرێت، لە ساڵی 1978 کۆنگرەی کۆمەڵەکانی پەیوەندی گشتیی لە مەکسیك پێناسەیەکیان بۆ پەیوەندی گشتیی داڕشت بەم شێوەیەیە : پەیوەندی گشتیی هونەر یان زانستێکی کۆمەڵایەتییە بۆ شیکردنەوەی بیروڕاکان و پێشبینیکردنی رووداو و گۆرانکارییەکان و، ئامۆژگاری و ڕێنمایی سەرکردەی ڕێکخراوەکان، بەمەبەستی دانانی بەرنامەیەکی پلاندار بۆ چالاکییەکان لە ڕێکخراوەکەدا بە شێوەیەك کە خزمەتی بەرژەوەندیی ڕێکخراو و جەماوەر بکات.

تێڕوانینێکی تر هەیە پێی وایە کە پەیوەندییە گشتییەکان زانست یان هونەر یا توانایە، هەروەها فەرهەنگی زانیاری ئەمریکی ئاماژە بەوە دەکات کە پەیوەندییە گشتییەکان زانست و هونەرە، زانستە لەو روانگەیەی پشت بە زانستی کۆمەڵناسی و مرۆیی دەبەستێت، هەروەها زانستە لەو رووەوەی کەپەیڕەوی لە شێوازی زانستی دەکات لەگەڕان و دەستنیشانکردنیدا. (عەلی 2011، 19)

هەروەها پێناسەی کۆمەڵەی پەیوەندییە گشتییەکانی فەرەنسی بۆ پەیوەندییە گشتییەکان دەڵێت "ڕێگایەکە بۆ ڕەفتار و شێوازی ڕاگەیاندن ئامانجی دانانی پەیوەندییەکی پشت ئەستورە بە بروا بەخۆبوون و پارێزگاریکردنی لەنێوان ڕێکخراو و چینە جیاوازەکان لەجەماوەری ناو دەزگاکە و دەوروبەری کە کاریگەرن بە چالاکییەکانی دەزگاکە" (الشامي ، 2001، 18)

بەڵام پەیمانگەی بەریتانی بۆ پەیوەندییە گشتییەکان پێناسەی کردووە بەوەیهاوچۆنیەك کە گوزارشت لە پەیوەندی سیاسی لە ڕووە زانستیەکەیەوە ئەمیش لەبەر "هەوڵێکی کارگێری مەبەستدارو نەخشە بۆکێشراو و بەردەوامە بۆ دروستکردنچەند هۆکارێك لەوانە:

و بەردەوام بوونی تێگەیشتنی دوو لایەنە لەنێوان دەزگا و جەماوەرەکەی" (سلوم ،2000، 10).

لە پێناسەیەکی تردا کۆمەڵەی نێودەوڵەتی بۆ پەیوەندییە گشتییەکان لەپێناسەکەیدا بۆ پەیوەندییە گشتییەکان دەڵێت "ئەرکێکی کارگێرییە خاوەن سروشتێکی پلاندار و بەردەوامە، لەرێگەی ڕێکخراوەکان ودەستەی گشتی و تایبەتی، ئامانجی ڕاکێشانی سۆز و پشتگیری ئەو کەسانەیە کە گرنگی پێدەدەن و پارێزگاری لێ دەکەن، لە ڕێگەی ڕاکێشانی ڕاگشتی پەیوەست پێیەوە لە پێناو بەدەستهێنانی هاوکارییەکی بەرهەمدار بە ڕێژەیەکی زۆرتر لە ڕێگەی پلاندانانی زانیارییەکان و بڵاوکردنەوەیان". (د. الدليمي ، 2005، 21)

کۆمەڵەی پەیوەندییە گشتییەکانی عەرەبی پێناسەی پەیوەندییە گشتییەکان دەکات بەوەی "زانستێکە هەڵسوکەوتی تاك و کۆمەڵەکان شیکار دەکات بەرێگایەکی زانستی، پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان ڕێکدەخات لەسەر بنەمای هاوکاری و خۆشەویستی و هۆشیاری.ئامانجی ئەم زانستە چاودێری وبەڕێوەبردنی مرۆڤایەتییە لەناو کۆمەڵگەدا وبەدەستهێنانی پشتگیری جەماوەر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ لایەنەکانی تردا " (المزاهرة ،2019، 31)

کۆمەڵەی پەیوەندییە گشتییەکانی ئەمریکی پێناسەی پەیوەندییە گشتییەکانی کردووە بەوەی کە "چالاکی هەر کارگە و دەستە یاخود حکومەت و هەر دەزگایەکە بۆ بنیاتنان و پاڵپشتی کردنی پەیوەندییەکی پاك و بەرهەمهێن لەنێوان چینێك لەجەماوەر وەکوو کرێکاران و بەشداربووان یاخود جەماوەر بەشێوەیەکی گشتی تاوەکوو تێگەشتنێکی باش بەرهەمبهێنن لەگەڵ کۆمەڵگە بەگوێرەی سیاسەت و بارودۆخی دەوروبەری. (جودة، 2008، 213)

سەرئەنجام لە ڕوانگەی ئەو پێناسانەوە دەگەینە ئەوەی، کە پەیوەندییە گشتییەکان بریتییە لە "ئەرکێکی پلان بۆ دارێژراو و بەردەوام، بەرنامە و چالاکییەکانی دامەزراوەکە جێبەجێ دەکات، بە مەبەستی تێگەیشتنی زیاتر لەنێوان دامەزراوەکە و جەماوەر، بە بەکارهێنانی ئامرازە جیاوازەکانی پەیوەندییکردن

.

1. دووەم / پێناسەی پەیوەندیکردنی سیاسی.

پەیوەندییە گشتییەکان بڕبڕەی پشتی چالاکییە سیاسییەکان لە زۆرێک لە کۆربەندییە نێودەوڵەتییەکاندا پێکدەهێنن و بریتین لە هەڵبژاردنی وشە و دەربڕینی دروست و نادروست، دەستوەردانی ناڕاستەوخۆ، تەڵە، دزەکردنی زانیاری، پەیوەندییە تەکنیکییەکان، لایەنەکان، چالاکییەکان، دەستێوەردان، بەرتیل، کڕینی قەرز، بەشداریکردن لە تەکنیکی، چالاکییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان.

أ. سیاسەتمەدارانی سەرتاسەری جیهان هەمیشە لە لەسەر هێڵی گەرمن. هەموو هەفتەیەک ئاژانس و بەڕێوەبەرانی بە ناوی بریکارەکانیانەوە بەیاننامەی ڕۆژنامەوانی دەردەکەن بۆ گەیاندنی هەموو زانیارییە پێویستەکان سەبارەت بە دوایین پرۆژە و هەڵمەت و دەستپێشخەرییەکانیان. پەیوەندییە گشتییەکان بەشێکی جەوهەری ژیانی سیاسییە.(اللامي و العيساوي،2015، 151).

پەیوەندیکردنی سیاسی یان لە کایەی پەیوەندی گشتیدا تاوەکو ئێستا زانایان و شارەزایان و لێکۆلەرانی ئەو بوارە دەستنیشانی ناوەرۆك پێناسەیەکی جێگیرو مەعریفیان نەکردووە بۆ چەمکی پەیوەندی گشتی لە بواری سیاسەتدا کە ببێتە چەمکێکی مەعریفی هاوبەش یان

1ـ کۆ دەنگییەك لە نێو شارەزایانی پەیوەندی سیاسی و توێژەراندا سەبارەت بە ناوەرۆك و سنوورەکانی پەیوەندی سیاسیدا نییە، ئەمەش بەم مانایە نایەت کە نەنگییەك لە پێناسەی ئەو جۆرە پەیوەندییەدا هەیە، پێناسەکان زۆرن بەڵام هەمەڕەنگن.(البشير.1997، 14)

2ـ پەیوەندی گشتی لە بواری سیاسەتدا ستایلێکی نوێیە لە ستایلەکانی پەیوەندیکردن کەلە جۆرەکانی پەیوەندی کۆمەلایەتی جیاناکرێتەوە بەڵکو جۆرێکە لە جۆرەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و لە چوارچێووەی زانستی کۆمەڵناسیدا.

پێم وایە ئاستەنگ و قورسی لەبەردەم پێناسەی پەیوەندی سیاسی یاخود پەیوەندی گشتی لە بواری سیاسەتدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کە ئالنگری و بەرژەوەندی و گۆڕانکاریەکانی سیاسیەکان خێرا و ناجێگرن بۆیە پێناسەیەکی کۆنکرێتی یاخود جێگیر بۆ پەیوەندیکردنی سیاسی نادۆزینەوە بەڵکو بە پێی دۆخی سیاسی و بەرژەوەندی گروپەکان لە ڕووی دەسەڵات و ئابوری و هێز و بەرژەوەندیان پێناسە دەکرێت و پەیوەندییەکان ڕێکدەخرێنەوە.( Nimmo. 1981.p.28)

سێیەم / تایبەتمەندی پەیوەندییە گشتییەکان لە بواری سیاسیدا.

1 -چاندنی هەستی سەربەخۆیی نەتەوەیی و نیشتیمانی لەناو جەماوەردا، بەو پێیەی هەستی دڵسۆزی هاووڵاتی پاڵدەنێت بۆ قوربانیدان و کارکردن بۆ بنیاتنانەوە و پێشکەوتنی وڵات و نەتەوەکەی.

2 -قوڵکردنەوەی هۆشیاری جەماوەر و باوەڕیان بە سیاسەت و پلانی دەوڵەت بە مەبەستی ئامادەکردنی جەماوەر لە بەرامبەر هەوڵی نەیارانی لە پێناو پەکخستنی سەروەرییەکەی، هەروەها دەستەبەرکردنی بەشداریی جەماوەر لە پرۆسەی بنیاتناندا.

3 -بڵاوکردنەوەی هۆشیاری سیاسی لەناو جەماوەردا، و هاندانیان بۆ بەشداری سیاسی لە دەربڕینی بیروڕای خۆیان لەسەر پلانی بڕیارەکانی دەوڵەت لەڕێگەی پیادەکردنی پرۆسەی دیموکراسی دروستەوە. هەروەها بڵاوکردنەوەی سیاسەتی گەشەپێدان، بەمەبەستی خێراکردنی پرۆسەی گەشەپێدان و گەیشتن بە ئامانجەکانی لەڕێگەی هۆشیاری جەماوەرەوە.( عجوة، 1997، 30-40)

4-ئامادەکردنی جەماوەر بۆ ئەو گۆڕانکاریانەی کە ڕوودەدەن و ڕوونکردنەوەی کاریگەرییەکانیان، بەمەبەستی گونجاندنی جەماوەر لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانە و ئەو بڕیارانەی کە لە بارەی ئەوانەوە دەردەچن، بە شێووەیەك توشی دڵەڕاوکێ و سەرسوڕمانیان نەکات، یان بە شێوەیەك توانای تێگەیشتنیان نەبێت، کە لە ئەنجامدا کاردانەوەی نەرێنییان لێدەکەوێتەوە.

5 -ڕێگەدان بە دەربڕینی هەموو بیروڕای نەتەوەیی، و هاندانی گفتوگۆی دیموکراسی لە نێوان بیروڕای جیاوازدا کەلە بەرژەوەندی وڵاتدا بێت.

6- پەرەپێدانی هەستی سیاسی کارەکتەر و فەرمانبەران لە دەزگانی دەوڵەتەکاندا، بەو مانایەی تێڕوانین و هزر و بەرژەوەندییەکانیان درێژدەبێتەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕەهەندە سیاسییەکان.

پەرەپێدانی هەستی سیاسی کارەکتەر و فەرمانبەران لە دەزگانی دەوڵەتەکاندا، بە شێووەیەك کە تێڕوانین و بیرکردنەوە و گرنگیدانیان قوڵ ببێتەوە بۆ گەڕان بەدوای ڕەهەندە سیاسییەکان و بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت.(الحريري,2011, 42-39).

تەوەری دووەم: قەیران و جۆرەکانی

یەکەم: قەیران، چەمك و ڕەهەند و قۆناغەکانی

ا- چەمکی قەیران

چەمکی (قەیران) بەهۆی ئاڵۆزی ڕەهەندەکانییەوە، مشتومڕی زۆر لەسەر پێناس و ئاست و هۆکاری هاتنەئارای هەیە. قەیران لە بنەڕەتدا لە چەمکی (Krinon)ی یۆنانییەوە وەرگیراوە بەمانای (خاڵی گۆڕان) دێت بەتایبەت لە ساتی نەخۆشیدا، هەروەها ئاماژەیە بۆ هاتنەئارای ساتەوەختی مەترسی لە مەسەلە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکاندا(نژاد.2014، 17)

قەیران بریتییە لە "تێڕوانین بۆ ڕووداوێکی پێشبینینەکراو کە هەڕەشە لە چاوەڕوانییە گرنگەکانی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکات و دەتوانێت... کاریگەری جددی لەسەر ئەدای ڕێکخراوێک دروست دەکات و دەرئەنجامی نەرێنی دروست دەکات.
(Spillon and Spillon.p18 )

(منير البعلبكي) لە فەرهەنگە بەناوبانگەکەیدا لەو باوەڕەدایە: قەیران واتا گۆڕانکارییەکی کتوپڕ.

هەروەها (د.حەسەن ئەنوەری) لە فەرهەنگەکەیدا بەم چەشنە پێناسی دەکات: قەیران واتا گرفتێك، مەترسییەك، کردەیەك یاخود فەرمانێك کە ببێتەمایەی تێکچوونی هاوسەنگی و دۆخێکی نائاسایی بخوڵقێنێ.

سەبارەت بەپێناسی ئەو چەمکە، بەبڕوای پسپۆڕان دیاردەی قەیران واتا هەلومەرج و دۆخێکی نائاسایی کە ڕووبەڕووی هاوڵاتیان و گروپ و دامەزراوەکان و کۆمەڵگا دەبێتەوە، بەشێواز و میتۆدە باوەکان ناتوانرێ بەگژیدا بچنەوە، بەوهۆیەوە نیگەرانی و دڵەڕاوکێیەکی بەرفراوان لەو دیاردە کتوپڕانەوە بۆ کۆمەڵگا دێتەئارا()

بەپێی پێناسێکیتر، قەیران واتا سەرهەڵدانی دۆخێکی نائاسایی و ناباو لە پرۆسەیەکی بەردەوامدا، یاخود شڵەژانێکی کتوپڕە لە بوارێك یا چەند بوارێکی سیستەمێکدا، بەشێك یا چەند لایەنێکی دامەزراوەیەك دەگرێتەوە(عزت،43،2008)

لە کۆی ئەم پێناسانەدا دەگەینە ئەو باوەڕەی کە قەیران بە هەموو چەشنەکانییەوە- زادەی هەلومەرجێکی نائاساییە و بەهۆی کۆمەڵێك فاکتەری ناوخۆیی و دەرەکییەوە دێتەئارا، کاریگەریش لەسەر کۆی سێکتەرە مەدەنی و فەرمییەکانی وڵاتێك جێدەهێڵێت.

ب-پۆلێنە جۆراوجۆرەکانی قەیران

بەبڕوای پسپۆڕان، دیاردەی قەیران بەپێی (سەرهەڵدان، کات، ئاست و ناوەڕۆك) دەتوانرێ بۆ چەندین جۆر پۆلێن بکرێت کە دەروازەیەکە بۆ تێگەیشتن لە ئاستی کاریگەریو مەترسییەکانی، ئەمەش یاریدەدەرێکی گرنگە بۆ گرتنەبەری ستراتیژی بەڕێوەبردنی قەیران.

- قۆناغەکانی قەیران: قەیران لەڕووی پلەکانی پەرەسەندنی، بۆ چوار ئاست پۆلێن دەکرێت:

1-سەرهەڵدان: قۆناغی بەرایی قەیرانە کە هیچ جۆرە کاردانەوەیەکی توندوتیژی تێدا نییە، لە ڕاستیدا تەنها لەیەکترازانی مەسەلەیەك یا پەیوەندییەکانی نێوان دوو دەوڵەت و زیاترە.

2-پەرەسەندن و تاوسەندن: قەیران لەم قۆناغەدا دژوارتر دەبێ و دەگاتە باڵاترین ئاستی خۆی، ئەگەری جەنگ و پێکدادانیش دێتەئارا.

3-کەمبوونەوەو داکشان: ئاستی قەیران و لێکەوتەکانی بەرەو کەمبوونەوە دەچێت.

4-کاریگەریو دەرەنجامەکانی: دوای کۆتایهاتنی قەیران، دەرەنجامەکانی قەیرانەکە کاریگەری لەسەر سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان جێدەهێڵێت(کاظم،2002،58)

-پۆلێن بەپێی جۆر و ئاست: دیاردەی (قەیران) بەپێی بابەت و ناواخنەکەی، چەند جۆرێکە:

قەیرانی ئابوری: تێکچوونی هاوسەنگی نێوان داهات و بەکاربردنە، دەشێ کەرتێك یاخود چەند بوارێکی دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکان بگرێتەوە.

قەیرانی سیاسی: ئاماژەیە بۆ ململانێی توند و ڕوودانی جەنگ و ئاژاوە کە ببێتەمایەی کوشتار و ئاوارەیی و تێکچوونی شیرازەی وڵات.

قەیرانی دامەزراوەیی: هاتنەئارای گیروگرفتە لە سیستەمی بەڕێوەردن و کارگێڕی کە وەك پێویست ناتوانێ ئەرکەکانی پراکتیزە بکات.

قەیرانی سەربازی: بەهۆی کودەتا و هاتنەئارای دەسەڵاتێکی سیاسی یان گروپێکی میلیتارییەوە لە ناوخۆی وڵاتێکدا دێتەئارا.

قەیرانی تەکنەلۆژی: بریتین لەو قەیرانانەی لەژێر کاریگەری ڕووداوی زانستی وەك بڵاوبوونەوەی ماددەی کیمیایی و ژەهراوی یا بەهۆی گۆڕانی تەکنەلۆژیاوە دێتەئارا .

لەڕووی ئاستیشەوە، دیاردەی قەیران لەسەر ئاستی ناوخۆی وڵاتە (واتا دامەزراوەکانی ناوخۆ) یاخود دەرەکییە (واتا پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان دەگرێتەوە کە کاریگەری لەسەر ناوخۆ جێدەهێڵن.

- پۆلێن لەسەر بنەمای (کات): بەبڕوای (تالکۆت پارسۆنز) قەیران لەڕووی (کات)ەوە سێ جۆرە:

1-قەیرانی کتوپڕ و لەناکاو (Abrupt Crisis): هیچ جۆرە نیشانە و ئاماژەیەکی هۆشداری لەگەڵدا نییە و وەك کارەساتە سروشتییەکان بەشێوەیەکی کتوپڕ ڕوودەدەن، ئەم دیاردانە کاریگەریی نیگەتیڤ لەسەر دۆخی ئابوری وڵات جێدەهێڵن.

2-قەیرانی کەڵەکەبوو (Cumulative Crisis): ئەم جۆرە قەیرانە بەشێوەی پلەپلەیی دێتەئارا، دەتوانرێ بەپێی پلان و بەرنامەیەکی سیستەماتیك سنوردار بکرێت. (بشير،1398،24)

3-قەیرانی درێژخایەن: لەڕووی کاتەوە درێژمەودایە، ستراتیژی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم جۆرە قەیرانە لە هەلومەرجی جۆراوجۆردا، وابەستەیە بە فشاری (کات) و بەرفراوانی کۆنترۆڵ و قەوارەکەی.

لەهەمانکاتدا (مەك کۆنکی) لەو باوەڕەدایە: شێوازی قەیرانی درێژخایەن یا هەنگاو بە هەنگاو، دەتوانرێ پێشبینی بکرێت و خاڵی دەستپێکی دیارە، بەپێی تێپەڕبوونی کاتیش مەترسییەکانی زیاتر دەبێت، فاکتەرەکان دەگەڕێنەوە بۆ

نەگونجانی دۆخی وڵات یا دامەزراوەیەك لەگەڵ ژینگە و هەلومەرجی کۆمەڵگادا.(ناصر ،2018، 31)

سەبارەت بەقۆناغی پەرەسەندنی (قەیران) هەر لەسەر بنەمای (کات)، بەپێی بۆچوونێکیتر ئەم سێ ئاستەی هەیە:

1-بەرلە قەیران (pre-crisis): هەلومەرجێکە کە دەبێتەمایەی سەرهەڵدانی قەیران.

2-قەیران (crisis): ساتەوەختی تەنگژە و ڕووداوەکانە.

3-دوای قەیران (post- crisis): کاتی هەڵسەنگاندن و کۆتاپێهێنان بەتەنگژە و قەیرانەکەیە.(شومان2001. 110-113)

دووەم: ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە مامەلەکردن لەگەڵ قەیراندا

هەر دەزگایەك هەوڵدەدات ئامێر وهەموو یەکە جیاوازەکانی کارە ڕاسپێدراوەکانی بە کارەمەیی و تواناییەوە بکات، سەرەرای هەموو باردۆخ هەوڵ دەدات هەڵوێستەکان لە چوارچێوەیی توانا دەستەبەرەکان ئەنجام بدات و هیچ بۆشایەك نەهێڵێ کە کەموکوری تێایدا بکرێت، هەموو دەزگاکان پێویستیان بە پلاندانان ورێکخستنی پەیکەرەکەیی و خستنەگەرێ تواناکانی هەیە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستەکانی پلانی ئەنجامدراو دواتر بەدواداچوونی کارەکان بەشێوەیەکی تەندورست بۆ راوەستان لەسەر کەموکوریەکان و چارەسەکردنیان .

تێروانینێ هاوبەش هەیە لە نێوان توێژەراندا لە بارەیی گرنگی ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە بەرێوەبردنی قەیرانەکاندا بە جۆرە جیاوازەکانیەوە کە ڕۆڵێکی گرنگ لەپێش و لەکاتی ڕوودانی قەیران و دوای ڕوودانی دەبینێت، گرنگی پەیوەندییە گشتییەکان لەرێگەیی ڕۆڵی دامەزراوەیی و وئامرازە جیاوازەکانی پەیوەندییە گشتییەکانەوە دیار دەبێت بۆ گەیاندنی داتا و زانیارییەکان بە جەماوەر لەکاتی ڕوودانی قەیراندا، هەروها ئەم ڕۆڵە درێژەی پێدەدرێ تا دوای ڕوودانی قەیران و و دورپێچکردنی بەئامانجی لەئامێزگرتنی شوێنەوارەکانی و سرینەوەی کاریگەریەکانی لەگەل دانانی ئەلتەرناتیڤ بۆ داهاتوی دوای قەیران . (حلاق،2020، ص 96)

بەشی چوارەم: لایەنی مەیدانی توێژینەوە

تەوەری یەکەم: رێکارییە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە

1/ میتۆدی توێژینەوەکە:

مەبەست لەمیتۆدی توێژینەوە دیاریکردنی ئەو رێبازەیە کە توێژەر پەیرەوی دەکات بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەی توێژینەوەکەی. (د. الدليمي، اساسيات البحث العلمي ,2004، 64) لەبەر ئەوەی ئامانجی توێژینەوەکە ڕۆڵی پەیوەندییە گشتیەکان لە چارەسەرکردنی قەیرانی سیاسی هەرێمی کوردستانە توێژینەوەی بابەتەکەش توێژینەوەیەکی وسفییە.بۆیە میتۆدی گونجاو بۆ سروشتی ئەم توێژینەوە کە توێژەر بەکارهێناوە بریتییە لە میتۆدی ڕووپێوی بۆ ئەوەی لە چوارچێوەیەکی زانستیدا بگونجێت لەگەڵ هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوە و بەدەستهێنانی زانیاری ورد و تەواو دەربارەیان.

2/ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەسەرجەم ئەندامانی پێشکەوتووی پەیوەندییە گشتییەکانی شەش پارتی سیاسی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وتەبێژ و بەرپرسی مەکتەبی ڕاگەیاندنی ئەو شەش حزبە کە بریتین لە بزوتنەوی گۆڕان، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، کۆمەڵی دادگەری کوردستان، یەکێتی نشتیمانی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، حزبی شیوعی کوردسان، ئەوانەی بەشی پەیوەندییەکان لەخۆ دەگرن.

3/ نموونەی توێژینەوەکە:

توێژەر بەشێوەی ڕووپێوی گشتی نموونەی توێژینەوەکەی هەڵبژاردووە، دوای بەدەستهێنانی زانیاری تایبەت، کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەسەرجەم ئەندامانی پێشکەوتووی مەکتەبی پەیوەندییە گشتییەکانی شەش پارتی سیاسی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وتەبێژ و بەرپرسی مەکتەبی ڕاگەیاندنی وەرگرتوە لە کۆی (6) حزبی کوردستانی ژمارەیان (70) ئەندامی بالای مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و ئەندامانی مەکتەبی پەیووەندییەکان بوون بەهەردوو رەگەزەوە.

4/ بوارەکانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە سێ بوار دەگرێتەوە کە بریتین لە:

ب. بورای شوێن: سنووری توێژینەوەکە بریتییە مەکتەبی پەیوەندییە گشتییەکانی شەش پارتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان.

ت. بواری کات: مەبەست لە بواری کات، کاتی دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکەیە واتە لایەنی مەیدانی لەرێکەوتی(2022/8/1) تاکو(2022/10/30) لەو ماوەیەدا فۆرمەکان دابەشکراون و زانیارییەکان کۆکراونەوە.

ث. بوراری مرۆیی: بریتیە لەسەرجەم کادیرانی باڵای پەیوەندییە گشتییەکانی شەش پارتی کوردستانی (بزوتنەوەی گۆڕان، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، کۆمەڵی دادگەری کوردستان، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، حزبی شیوعی کوردسان) لە هەرێمی کوردستان بە هەردوو رەگەزی نێر و مێ.

5/ کەرەستەکانی توێژینەوەکە:

گرینگترین ئەو کەرەستانەی کە توێژەر لەم توێژینەوەیە بەکارهێناون بریتین لە:

أ. ڕاپرسی: ڕاپرسی بە مانای کۆکردنەوەی داتا دێت کە پشت بە کۆمەڵێك پرسیار دەبەستێت، توێژەر لە ڕێگەی وەڵامی پرسیارەکان زانیارییەکانی دەست دەکەوێت. (العزاوي ,2008، 131) توێژەر لەم توێژینەوەیە فۆرمی ڕاپرسی بەکار هێناوە بۆ پێوانەکردن و کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی ڕۆڵی پەیوەنددیە گشتییەکان لە چارەسەرکردنی قەیرانی سیاسی لی هەرێمی کوردستان کە فۆرمەکە پێکدێت لە (5) تەوەرەی سەرەکی و لاوەکی (64) پرسیاری تایبەت بە توێژینەوەکە پێک هاتووە.

ب.تێبینیکردن: بەیەکێك لەئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری دادەنرێت لەتوێژینەوە مەیدانییەکاندا، لە ڕێگەی ئەم ئامرازەوە دەتوانرێ تێبینی دیاردە یان هەڵسوکەوتێکی دیاریکراو بکرێت بەدەستهێنانی زانیاری وورد بۆ دیاریکردنی هەڵسوکەوت یان دیاردەکە. توێژەر لە ڕێگەی ئەم ئامرازەوە ئەو زانیارییەی کە نەیتوانیوە لە فۆرمی ڕاپرسی بەدەستی بهێنێت، هەوڵیداوە لە ڕێگەی تێبینییەوە بەدەستیانبهێنێت بە تایبەت لەکاتی دیاریکردنی وڵامی لێتوێژەران و سەرنج و تێبینی هەڵوێستە سیاسیەکانیان لە ڕابردوو.

پێوەری ڕاستی لەگرنگترین ئەو کارانەیە کە توێژەر لەکاتی هەڵبژاردنی ئامرازی توێژینەوەکە بایەخی پێدەدات بۆ زانینی ڕادەی ئاستی ڕاستی فۆڕمەکە، چونکە مەبەستی توێژەر ئەوەیە زانیاری و داتای گونجاو بەدەست بهێنن، کە یارمەتی توێژینەوەکە بدات، ئەمە نایەتەدی تا ئامرازی توێژینەوە بەراستی بەکارنەهێنرێت. (عوض 2008، 249). دەکرێت ژمارەی ڕاستی هەڵسەنگاندنەکە بدرێتە دەست ژمارەیەك (شارەزاو پسپۆران)ی ئەو بوارانەی پێوانەی هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە، ئەگەر شارەزایان بڕیارییاندا کە بڕگەکانی ڕاپرسییەکە گونجاوە، ئەوا توێژەر دەتوانی پشت بە بڕیاری شارەزایان ببەستێت. (عطوي 2000، 139).

توێژەر بۆ دەسکەوتنی پێوەر ڕاستی پشتی بە (5) پسپۆری ئەکادیمی لە بوارەکانی (ڕاگەیاندن، پەیوەندییە گشتیەکان، ئامار) بەستووە، دوای هەڵسەنگاندنی پسپۆران

| تەوەرەکان | تەوەرەکان | ژ.پرسیار | پێوەری الفا-کرۆنباخ | بڕیار |
|---|---|---|---|---|
| 2 | گرنگی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ حیزب لە پەیوەندیکردنی سیاسیدا | 17 | 0.756 | جێگیرە |
| 3 | هۆکارەکانی دروستبوونی قەیرانی سیاسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان | 11 | 0.828 | جێگیرە |
| 4 | ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە چارەسەرکردنی قەیرانە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بە گشتی و قەیرانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی | 25 | 0.818 | جێگیرە |
| 5 | هۆکارەکانی لاوازی ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە چارەسەرکردنی قەیرانە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستاندا | 11 | 0.897 | جێگیرە |
| گشتی | گشت پرسیارەکانی فۆرم | 64 | 0.775 | جێگیرە |

و ئەنجامدانی کاری ژمێریاری بۆ فۆرمەکان دەرکەوت، ڕێژەی سەدی ڕاستی ڕواڵەتی بریتییە لە (% 92.6 %)مانای وایە ڕاستیی فۆرمەکە ژمارەی ڕێژەیەکی بەرزی وەرگرتووە، ئەمەش نیشانی ڕاستەقینەی ڕاستییە بۆ پێوەرەکە و کۆکردنەوەی داتاو زانیاری لەسەر تاکی توێژینەوەکە. *

* ناوی ئەندامانی لیژنەی دادوەری فۆرمی ڕاپرسی:

1- پ.ی.د. کاوە شێروانی پەیوەندی گشتی و زمانی ئینگلیزی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر

2- پ.ی.د. بهاء الدین ئەحمەد ڕاگەیاندن/ پەیوەندی گشتی/ زانکۆی سلێمانی

3-پ.ی.د. هۆشیار مزەفەر ڕاگەیاندن/ پەیوەندی گشتی/ زانکۆی سەلاحەددین

4- پ.ی.د. لانە سابیر محەممەد ڕاگەیاندن/ پەیوەندی گشتی/ زانکۆی سلێمانی

5- پ.ی.د. ڕزگار مەغدید ئەحمەد ئامار و زانیاریەکان/ زانکۆی سەلاحەددین

7- ئامرازە ئامارییەکانی توێژینەوە

توێژەر لە توێژینەوەکەی بەرنامەی ئاماری پێشەکەوتوو ( SPSS (Statistical Package For Social Species(V:28)) بەکارهێناوە کە تایبەتە بە شیکردنەوەی داتای ئاماری و لەم توێژینەوەیە بەکارهاتوە بۆ شیکردنەوەی داتای وەگیراو لە فۆرمی ڕاپرسی.

لەگەڵ بەکارهێنانی هەندی ئامرازی ئاماری کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

1. ڕێژەی سەدی = $\frac{\text{بەش} \times 100}{\text{کۆی گشتی}}$

2. ناوەندی ژمێرەیی س = $\frac{\text{مج س}}{\text{ن}}$

3. لادانی پێوەريي ع= $\sqrt{\frac{\text{مج}(\text{س} - \bar{\text{س}})^2}{\text{ن} - 1}}$

(البلداوي 2004، 156)

٤. هاوکێشەی پەیوەستی بیرسۆن:

ر=

$$r = \frac{n(\sum xy) - (\sum x)(\sum y)}{\sqrt{n\sum x^2 - (\sum x)^2}\sqrt{n\sum y^2 - (\sum y)^2}}$$

5- هاوکێشەی پەیوەستی سبیرمان

$$R_s = 1 - \frac{6(\sum)d^2}{n(n^2-1)}$$

(عودة 1992، 238)

6. هاوکێشەی (کرونباخ الفا) بۆ بژاردەی سەربەخۆ

$$\alpha = \frac{K}{K-1}\left[1 - \frac{\sum S_i^2}{S_T^2}\right]$$

(المنزيل 2010، 140)

7- تاقیکۆدنەوەی لە یەکنەچوون Anova

$$F = \frac{MS_{group}}{MS_{error}}$$

بۆ شرۆڤەکردنی ئەو گۆڕاوانەی لە دوو هۆکار زیاترن. (الطائي و ابوبکر ،2002، ص 224)

8- ڕاددەی جێگیری فۆرمی ڕاپرسی

بۆ دڵنیابوون و زانینی ڕاددەی جێگیری بڕگەکانی فۆرمی ڕاپرسی ئەم توێژینەوەیە، توێژەر هاوکێشەی (الفا کرونباخ)ی بەکارهێناوە، لەم توێژینەوەیەدا نزمترین بەهای بریتییە لە (0.756)، هەروەها کۆی گشتی بەهای گشت تەوەرەکان بریتییە لە (0.775) کە ئەمەش بەهایەکی بەرزە بۆ ئەنجامی پرسیارەکانی فۆرمی ڕاپرسی و ڕاددەی جێگیرییەکەی.

**خشتەی ژمارە (2) بەهای ڕاددەی جێگیری کۆی تەوەرەکانی فۆرمی ڕاپرسی دیاریدەکات**

| تەوەرەکان | تەوەرەکان | ژ.پرسیار | پێوەری الفا-کرۆنباخ | بڕیار |
|---|---|---|---|---|
| 2 | گرنگی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ حیزب لە پەیوەندیکردنی سیاسیدا | 17 | 0.756 | جێگیرە |
| 3 | هۆکارەکانی دروستبوونی قەیرانی سیاسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان | 11 | 0.828 | جێگیرە |
| 4 | ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە چارەسەرکردنی قەیرانە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بە گشتی و قەیرانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی | 25 | 0.818 | جێگیرە |
| 5 | هۆکارەکانی لاوازی ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە چارەسەرکردنی قەیرانە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستاندا | 11 | 0.897 | جێگیرە |
| گشتی | گشت پرسیارەکانی فۆرم | 64 | 0.775 | جێگیرە |

**تەوەری دووەم : زانیارییە کەسییەکان**

خستنەڕووی داتا و زانیارییەکانی دەرئەنجامی وەڵامدەرانی کۆمەڵگەی توێژینەوە لەم باسەدا بەوردی شرۆڤەی داتاکان و ئەنجامی فۆڕمی ڕاپرسی دەکەین، دوای دابەشکردنی فۆڕمی ڕاپرسی بەسەر لێتوێژراوی توێژینەوە و وەرگرتنەوەی فۆڕمەکان و ئەنجامدانی کرداری بەتاڵکردن(تفريغ) بۆ زانیارییە بەدەستهاتووەکانی ناو فۆڕمەکە، لەخوارەوە زانیارییەکان لەشێوەی خشتە پۆلێن و ڕێکخراوە و ڕوونکراونەتەوە، دواتر ئەنجامی توێژینەوەکە وەك دەرهاوێشتەی ئەو داتا و زانیارییانە خراوەتە ڕوو، هەروەها هێمای (X)ی پیتی ئینگلیزی لە بری پرسیار دانراوە.

**یەکەم/ زانیارییە کەسییەکان**

توێژەر لەم بڕگەیەی ڕاپرسییەکەدا مەبەستییەتی بگاتە بەدەستهێنانی زانیارییە کەسییەکانی وەك(ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندن، پسپۆڕی، ساڵانی کارکردن لە پارتی سیاسی و ئەزموونی کارکردن لە پەیوەندییە گشتییەکانی پارتە سیاسیەکان).

**1ـ ڕەگەز**

خشتەی ژمارە (3) ڕەگەزی سامپلی توێژینەوە

| پارتی سیاسی | ڕەگەز | | | |
|---|---|---|---|---|
| | نێر | | مێ | |
| | دووبارە | % | دووبارە | % |
| بزوتنەوی گۆران | 11 | 15.7% | 0 | 0.0% |
| یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | 8 | 11.4% | 1 | 1.4% |
| کۆمەڵی دادگەری کوردستان | 5 | 7.1% | 0 | 0.0% |
| یەکیتی نشتیمانی کوردستان | 13 | 18.6% | 1 | 1.4% |
| پارتی دیموکراتی کوردستان | 20 | 28.6% | 1 | 1.4% |
| حزبی شیوعی کوردسان | 7 | 10.0% | 3 | 4.3% |
| کۆی گشتی | 64 | 91.4 | 6 | 8.6 |

لەم خشتەیە ڕەگەزی لێتوێژراوی توێژینەوە ڕوون دەکاتەوە، ڕەگەزی نێر لە لێتوێژراوی توێژینەوە بەڕێژەی(91.4%) بە پلەی یەکەم هاتووە بە (64) دووبارەبوونەوە و ڕەگەزی مێ بەڕێژەی(8.4%) بەپلەی دووەم هاتووە، بە (6) دووبارەبوونەوە. لێرەوە ڕوون دەبێتەوە کە زۆرینەی بەرپرسانی باڵای پەیوەندییە گشتییەکانی شەش پارتە سیاسەکەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لە ڕەگەزی نێرن.

**2- تەمەن**

خشتەی ژمارە (4) تەمەنی سامپلی توێژینەوە دیاریدەکات

| پارتی سیاسی | تەمەن | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | 21-27 | | 28-34 | | 35-41 | | 42-48 | | 49-55 | | >55 | |
| | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % |
| بزوتنەوی گۆڕان | 0 | 0.0% | 0 | 0.0% | 1 | 1.4% | 3 | 4.3% | 4 | 5.8% | 3 | 4.3% |
| یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | 0 | 0.0% | 0 | 0.0% | 2 | 2.9% | 3 | 4.3% | 2 | 2.9% | 2 | 2.9% |
| کۆمەڵی دادگەری کوردستان | 0 | 0.0% | 0 | 0.0% | 0 | 0.0% | 2 | 2.9% | 3 | 4.3% | 0 | 0.0% |
| یەکیتی نشتیمانی کوردستان | 0 | 0.0% | 1 | 1.4% | 2 | 2.9% | 6 | 8.7% | 4 | 5.8% | 1 | 1.4% |
| پارتی دیموکراتی کوردستان | 0 | 0.0% | 2 | 2.9% | 5 | 7.2% | 6 | 8.7% | 5 | 7.2% | 3 | 4.3% |
| حزبی شیوعی کوردسان | 0 | 0.0% | 0 | 0.0% | 0 | 0.0% | 3 | 4.3% | 3 | 4.3% | 4 | 5.8% |
| کۆی گشتی | 0 | 0.0% | 3 | 4.3% | 10 | 14.5% | 23 | 33.3% | 21 | 30.4% | 13 | 18.8% |

لەخشتەی(3) دەردەکەوێت زۆرینەی تەمەنی لێتوێژراوی توێژینەوە لە نێوان 42 – 48 ساڵیدایە ڕێژەکەی(33.3%) بەپلەی یەکەم دێت، بە (23) دووبارەبوونەوە هەروەها تەمەنی 49 ـ 55 بەڕێژەی(30.4%) بەپلەی دووەم دێت بە (21)دووبارەبوونەوە و تەمەنی زیاتر لە 55 ساڵ بەڕێژەی(18.8%) بەپلەی سێیەم دێت، بە (13) دووبارەبوونەوە، لێرەوە دەردەکەوێت کە زۆرینەی لێتوێژراوی توێژینەوە لە تەمەنێکی پێشکەیشتوو دان. هەورەوها تەمەنی نێوان 35 ـ 41 بەڕێژەی (14.5%) دێت بە (10) دووبارەبوونەوە، تەمەنی نێوان 28 ـ 34 بە ڕێژەی (4.3%) دێت بە (3) دووبارەبونەوە ئەمەش بەو مانایە دێت کە ڕێژەی گەنج لە پەیوەندییە گشتیەکانی پارتی سیاسی کەمە و ئەو ڕێژەیەش تەنها لەناو هەردوو پارتی سیاسی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان) بەدی دەکرێت.

3- ئاستی خوێندن

خشتەی ژمارە (5) دیاریکردنی ئاستی خوێندنی سامپلی توێژینەوە

| | ئاستی خوێندن | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بنەڕەتی | | ئامادەیی | | دبلۆم | | بەکالۆریۆس | | ماستەر | | دکتۆرا | |
| پارتی سیاسی | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % |
| بزوتنەوی گۆڕان | 1 | 1.4% | 4 | 5.8% | 2 | 2.9% | 4 | 5.7% | 0 | 0.0% | 0 | 0.0% |
| یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | 0 | 0.0% | 0 | 0.0% | 0 | 0.0% | 4 | 5.7% | 4 | 5.8% | 1 | 1.4% |
| کۆمەڵی دادگەری کوردستان | 0 | 0.0% | 0 | 0.0% | 1 | 1.4% | 3 | 4.3% | 1 | 1.4% | 0 | 0.0% |
| یەکیتی نشتیمانی کوردستان | 0 | 0.0% | 1 | 1.4% | 0 | 0.0% | 11 | 15.7% | 0 | 0.0% | 2 | 2.9% |
| پارتی دیموکراتی کوردستان | 0 | 0.0% | 1 | 1.4% | 2 | 2.9% | 11 | 15.7% | 5 | 7.2% | 2 | 2.9% |
| حزبی شیوعی کوردسان | 0 | 0.0% | 1 | 1.4% | 0 | 0.0% | 8 | 11.4% | 0 | 0.0% | 1 | 1.4% |
| کۆی گشتی | 1 | 1.4% | 7 | 10.1 | 5 | 7.2 | 41 | 58.6 | 10 | 15 | 6 | 8.7 |

لەم خشتەیە دەبینین ئاستی خوێندنی لێتوێژراوی توێژینەوە بەپلەی یەکەم (بەکالۆریۆس)ە بەڕێژەی(58.6%) دێت بە(41) دووبارەبوونەوە و هەروەها ماستەر بەپلەی دووەم دێت بە دووبارەبوونەوەی(10)و بەڕێژەی(**15**%) دێت، ئاستی خوێندنی ئامادەیی بەپلەی سێیەم دێت بەڕێژەی(10.1%) و دووبارەبوونەوەی (7) هەرچی ئاستی دکتۆرایە بە (6)دووبارەبوونەوەو ڕێژەی(8.7%) بە پلەی چوارەم دێت، هەروەها ئاستی دبلۆم بە پلەی پێنجەم دێت بە ڕێژەی (7.2%) و دوبارەبوونەی (5) هەرچی ئاستی خوێندنی بنەڕەتییە بەکەمترین ڕێژە بەپلەی شەشەم دێت کە ڕێژەی(1.4%)یە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت

ئاستی خوێندنی لێتوێژراوی توێژینەوە ئاستێکی گونجاو تا ڕادەیەك بەرزتوێژینەوە نیشان دەدات کەلە 100% کۆمەڵگەکە وەك بەرتوێژ وەرگیراون. بەرپرسانی باڵای پەیوەندییە گشتییەکانی هەر شەش پارتی سیاسی و زۆرینەیان خاوەنی بڕوانامەن.

تەوەری سێیەم: هۆکارەکانی دروستبوونی قەیرانی سیاسی

خشتەی ژمارە (8) دیاریکردنی ڕێژەی لەگەڵبوون بۆ هۆکارەکانی دروستبوونی قەیرانی سیاسی سەرۆکایەتی هەرێم بۆ ولامی لێتوێژەرانی سامپلی توێژینەوە

ب/ پلەی حزبی

خشتەی ژمارە (6) دیاریکردنی پلەی حزبی لێتوێژەرانی سامپلی توێژینەوە

| پارتی سیاسی | ئەندامی مەکتەبی سیاسی/ پەیوەندییەکان | | ئەندامی سەرکردایەتی/ پەیوەندییەکان | | ئەندامی مەکتەبی پەیوەندییەکان | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % |
| بزوتنەوی گۆڕان | 6 | 8.6% | 0 | 0.0% | 5 | 7.1% |
| یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | 3 | 4.3% | 1 | 1.4% | 5 | 7.1% |
| کۆمەڵی دادگەری کوردستان | 4 | 5.7% | 1 | 1.4% | 0 | 0.0% |
| یەکیتی نشتیمانی کوردستان | 3 | 4.3% | 1 | 1.4% | 10 | 14.3% |
| پارتی دیموکراتی کوردستان | 2 | 2.9% | 3 | 4.3% | 16 | 22.9% |
| حزبی شیوعی کوردسان | 2 | 2.9% | 3 | 4.3% | 5 | 7.1% |
| کوی گشتی و ریژەی سەدی | 20 | 28.6% | 9 | 12.9% | 41 | 58.6% |

لەم خشتەیەدا پلەی حزبی لێتوێژەرانی کۆمەڵگەی توێژینەوە دیاری کراوە هەریەکە بە پلەی پارتایەتیان نوێنەرایەتی پەیوەندییە گشتییەکانی پارتی سیسیان دەکەن. وەك دەبینین بە پلەی یەکەم (ئەنادامانی مەکتەبی پەیوەندییە گشتییەکان)ە لە هەر شەش پارتە کوردستانیەکە بەرێژەی(58.6%) دێت بە(41) دووبارەبوونەوە و هەروەها ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بەپلەی دووەم دێت بە دووبارەبونەوەی(20)و بەرێژەی(**28.6**%) دێت، ئەندامانی سەرکردایەتی بەپلەی سێیەم دێت بەرێژەی(12.9%) و دووبارەبوونەوەی (9)، بۆ وردەکاری زانیارییەکانی هەر شەش پارتی سیاسی پلەی بەرپرسیاریتی و ڕێژەکەیان لە خشتەکە دیاریکراوە.

لەژێر ڕۆشنایی ئەو دەرەنجامەی کەلە خشتەکەدا خراوەتەروو پلەی ئەندامانی پارتە سیاسیەکان لە ئاستێکی بەرزدان و ڕۆڵی بالایان هەیە لە مەکتەبی پەیوەندییە گشتیەکانی پارتە سیاسیەکان و ئەو کەسانەن کە خاوەنی بڕیار و پاڵپشتی کراون لە ئۆرگانی پەیوەندییە گشتییەکانی پارتەکانیان کە ئەمەش خالێکی بەهێزە بۆ سامپلی توێژینەوەکە و نمونەی بەهێزی لێتوێژەرانی کۆمەلگەی

| دووبارە بوونەوە و ڕێژەی سەدی و ناوەندی ژمێریاری و لادانی پێوانەیی و ڕێژەی لەگەڵبوون بۆ پرسیارەکانی تەوەری سێهەم: (هۆکارەکانی دروستبوونی قەیرانی سیاسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان) | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| برگەکان | بەتەواوی لەگەڵیدا نیم | | لەگەڵیدا نیم | | نازانم | | لەگەڵیدام | | بە تەواوی لە گەڵیدام | | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | ڕێژەی لەگەڵ بوون |
| | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | | | |
| X17 | 5 | 7.1% | 21 | 30.0% | 3 | 4.3% | 20 | 28.6% | 21 | 30.0% | 3.44 | 1.379 | 68.86% |
| X18 | 4 | 5.7% | 6 | 8.6% | 1 | 1.4% | 25 | 35.7% | 34 | 48.6% | 4.13 | 1.166 | 82.57% |
| X19 | 7 | 10.0% | 6 | 8.6% | 2 | 2.9% | 28 | 40.0% | 27 | 38.6% | 3.89 | 1.291 | 77.71% |
| X20 | 3 | 4.3% | 7 | 10.0% | 3 | 4.3% | 20 | 28.6% | 37 | 52.9% | 4.16 | 1.163 | 83.14% |
| X21 | 8 | 11.4% | 6 | 8.6% | 3 | 4.3% | 18 | 25.7% | 35 | 50.0% | 3.94 | 1.392 | 78.86% |
| X22 | 3 | 4.3% | 5 | 7.1% | 5 | 7.1% | 26 | 37.1% | 31 | 44.3% | 4.10 | 1.092 | 82.00% |
| X23 | 4 | 5.7% | 10 | 14.3% | 3 | 4.3% | 31 | 44.3% | 22 | 31.4% | 3.81 | 1.195 | 76.29% |
| X24 | 3 | 4.3% | 19 | 27.1% | 9 | 12.9% | 26 | 37.1% | 13 | 18.6% | 3.39 | 1.195 | 67.71% |
| X25 | 7 | 10.0% | 14 | 20.0% | 15 | 21.4% | 27 | 38.6% | 7 | 10.0% | 3.19 | 1.171 | 63.71% |
| X26 | 4 | 5.7% | 16 | 22.9% | 9 | 12.9% | 24 | 34.3% | 17 | 24.3% | 3.49 | 1.248 | 69.71% |
| X27 | 5 | 7.1% | 10 | 14.3% | 4 | 5.7% | 28 | 40.0% | 23 | 32.9% | 3.77 | 1.253 | 75.43% |
| **گشتی** | | | | | | | | | | | **3.75** | **1.23** | **75.09%** |

خشتەی ژمارە (8) کە تایبەتە بە تەوەرەی سێیەم و ئاماژەیە بۆ **هۆکارەکانی دروستبوونی قەیرانی سیاسی لە هەرێمی کوردسان** دەرەنجامی هەریەکە لە پرسیارەکان تیایدا روون کراوەتەوە کە ئاراستەی کۆمەڵگەی توێژینەوە کراون و ڕێژەی لەگەڵبوونی لێتوێژەرانی شەش پارتی سیاسی (بزوتنەوەی گۆڕان، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، کۆمەڵی دادگەری کوردستان، یەکێتی نشتمانی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، حزبی شیوعی کوردسان) ڕونکراوەتەوە بۆ هەریەکە لەم پرسیارانەی خوارەوە:

بە شێووەیەکی گشتی دەتوانین ئەم خشتەیە پۆلێن بکەین بۆ سێ ئاستی وڵامی لێتوێژەران کە بە پێی هەڵسەنگاندنی ڕێژەی سەدی وڵامدەرەکان پۆلێن بکەین بۆ ئاستی یەکەم بە ڕێژەی لەگەڵبوونی (80%) بەرەوسەرەوە و ئاستی دووەم بۆ ڕێژەی لەگەڵبوونی (70%) هەروەها ئاستی سێیەم بە ڕێژەی لەگەلبوونی (60%) بە سەرەوەیە کە لەم ئاستە کەمتر نییە.

لە ئاستی یەکەمی خشتەکەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە برگەی (x20) سەروەر نەبوونی یاسا و بێهێزی دەسەلاتی دادوەری لە ئاستی کێشە سیاسیەکان لە پلەی یەکەمدایە بە ڕێژەی (83.14%) لەگەڵبوون و برگەی (x18) نەبوونی دەستوری هەرێم و پشت بەستن بە شەرعیەتی شۆڕشگێڕی لە پلەی دووەمدا دێت بە ڕێژەی (82.57%) لەگەڵ بوون، هەروەها برگەی(x22) بەرژەوەندی حیزبی و پاشخانی ململانێی مێژووی سیاسی حیزبەکان پلەی سێیەمی وەرگرتووە بە ڕێژەی (82.00%) لەگەڵبوون، وەك دەبینین هەرسێ برگەی سەرەوە پلەی یەکەم و دووەم و سێیەمیان وەرگرتووە ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە هۆکاری سەرهەڵدانی کێشەو ململانێ و قەیرانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان زیاتر کێشەی یاسایی و دەستوری و نەبوونی دامەزراوەکانە لە هەرێمی کوردستان واتە کێشەی نەبوونی دەستور و سەروەری یاساو پرسی دەسەڵاتی دادوەری و پشتبەستن بە پاشخانی مێژوویی و شەرعیەتی شۆڕشگێڕی بەستووە نەك دامەزراوەکانی حوکمڕانی کە بنەماکانی حکومڕانی تەندروستن لە هەر وڵات و هەرێمێکدا، بۆ هەرێمی کوردستانیش بە شێووەیەك بێت کەلە ڕووی یاساییەوە پارێزراو بێت لە دەستێوەردانی دەرەکی و لە کێشەو ملاملانێیە سیاسیەکان بگەڕێنەوە بۆ دەستور و یاساو دەسەلاتی دادوەری، کەلە دەرەنجامی بۆشایی دەستوریدا لە هەرێمی کوردستان شرۆڤە و تێڕوانینی کەسی و حزبی و هەندێك جاریش هاوپەیمانی بۆ شکاندنی یەکتری و تەنانەت تا ڕادەی پشتگوێخستن و دورکەوتنەوە لە کیبەرکێی حزبی و سەرکێشان بۆ ڕادەی دوژمنایەتیکردنی یەکتری سەردەکێشێت کە دواجار ئەو کێشانە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان و تا ڕادەی بنبەست بوون و نەسازان و بە چاوی دوژمنانیەتیەوە سەیری یەکتر بکەن ئەمەش بۆ هەرێمێکی وەکو کوردستان کە تەواوی وڵاتە ئیقلیمیەکان حەز بە

پێشکەوتن و یەکگرتنی ناکەن بەردەوام جێگەی مەترسیە بۆ خاك و خەبات خەڵکەکەی دەرەنجامی ڕای کادیرانی پێشکەوتووی پارتە سیاسیەکانیش ئەوە دەسەلمێنێ و زیانمەندی سەرەکیش خەڵکی کوردستان دەبێت.

ئاستی دووەم لە خشتەکەدا کە ڕێژەی لەگەڵبوونی (70%) بەسەرەوە دەگرێتەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە وەك لە بڕگەی (x21) هاتووە بڕوا نەبوون بە دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەلاٚت لە پلەی یەکەمدایە بە ڕێژەی (78.86%) لەگەڵبوون و بڕگەی (x19) جیانەکردنەوەی دەسەلاٚتەکان لە یەکتری لە پلەی دووەمدا دێت بە ڕێژەی (77.71%) لەگەڵبوون، هەروەها بڕگەی(x23) دەست تێوەردانی دەرەکی پلەی سێیەمی وەرگرتووە بە ڕێژەی (76.29%) لەگەڵبوون و بڕگەی (x27) لێکترازان و نەسازان لەسەر ڕێکەوتنە سیاسیەکان و پشکپشکێنەی دەسەلاٚتە سیادییەکان پلەی چوارەمی لەو ئاستەدا وەرگتووە بە ڕێژەی (75.43%) لەگەڵبوون.

لە ئاستی دووەمیشدا ڕێژەیەکی بەرزی ولاٚمی لێتوێژەران هەیە بۆ هەرچوار بڕگەی ئاماژە پێکراو کە تیایدا ولاٚمی کادیرانی پەیوەندی گشتی هەر شەش پارتی کوردستانی دیاریکراوە کەلە بڕگەی یەکەمدا دەبینین پێیان وایە کە پارتەکان هێشتان بڕوای تەواویان بە دەستاودەستکردنی دەسەلاٚت نییە کە بنەمایەکی گرنگی نەشونۆمای دیموکراسیەتە لە هەرێمێکی فرەحزبیدا، لە بڕگەی دووەمیشدا دیسان جیانەکردنەوەی هەرسێ دەسەلاٚتی یاسادانان و دادوەری و جێبەجێکردن جەختی لێکراوەتەوە بە ڕێژەی لەگەڵبوونی زۆرەوە پێیان وایە کێشەیەکی گەورەی سەرهەڵدانی قەیرانی سیاسیە لە هەرێمی کوردستان، بڕگەی سێیەم لە ئاستی دووەمدا کە دەستتێوەردانی دەرەکی بە هۆکاری قەیرانی سیاسی دانراوە لە ولاٚمی ولاٚمدەرەکانی بڕەگەکە هۆکارێکی دیار و سەلمێنراوە کە بەشیکە لە هۆکاری سەرهەڵدانی قەیرانی سیاسی و بەردەوامی لە باشوری کوردستاندا کە دواجار دەبێتە هۆکاری لێکترازان و نەسازان لەسەر کۆی پرسە سیاسی و نەتەوەیی نیشتیمانیەکانیش هەروەکو لە بڕگەی چوارەمی ئەم ئاستەدا بە ولاٚمی لێتوێژەران سەلمێنراوە.

بە شێوەیەکی گشتی لە ئاستی دووەمی ولاٚمی لێتوێژەران ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە کارەکتەر و کادیرانی باڵای پەیوەندی گشتی پارتە سیاسیەکان هەمویان هاوڕان و بیرڕایان لە یەکترییەوە نزیکە کە ئەو هۆکارانەی خراونەتەڕوو ولاٚمیان داوەتەوە خاڵی جەوهەری و داش و پوازی بەهێزن بۆ سەرهەڵدانی قەیرانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان و بە چارەسەرنەکردنیشیان لە هەموو کات ئەگەری سەرهەڵدانیان هەیە هەر جارەو بە جۆرێك بەرۆکی پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستان دەگرێت.

لە ئاستی سێیەمی تەوەوری چوارەمی فۆرمیدا ڕاپرسیدا کە دواین ئاستە لە خشتەی ژمارە (3)دا کە ڕێژەی لەگەڵبوونی (60%) بەسەرەوە دەگرێتەوە کە ئەم ڕێژەیە بە ئاستی مام ناوەند دادەنرێت و گرنگی خۆی هەیە لە ئاماژەکانی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی قەیرانی سیاسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، لە ولاٚمەکان بۆمان ڕوون دەبێتەوە وەك لە بڕگەی (x26) هاتووە ناڕوونی لە پەیکەری دامەزراوەیی سەرۆکایەتی هەرێم بۆ نوێنەرایەتیکردنی تەواوی پارتە سیاسیەکانی بەشدار لە دەسەلاٚت و پێکهاتەکانی جەماوەر لە پلەی یەکەمدایە بە ڕێژەی (69.71%) لەگەڵبوون و بڕگەی (x17) دان پێدانەنان بە کێشەی سەرۆکایەتی هەرێم وەك قەیرانێکی سیاسی بەردەوام لە کوردستان لە پلەی دووەمدا دێت بە ڕێژەی (68.86%) لەگەڵبوون، هەروەها بڕگەی(x24) پێدانی دەسەلاٚتی زۆر بە سەرۆکایەتی هەرێم پلەی سێیەمی وەرگرتووە بە ڕێژەی (67.71%) لەگەڵبوون و بڕگەی (x25) دەرکەوتنی ئۆپۆزسیون و حزبی نوێ لە گۆڕەپانی سیاسیدا پلەی چوارەمی لەو ئاستەدا وەرگتووە بە ڕێژەی (63.71%) لەگەڵبوون.

لەم ئاستەدا خۆدی دامەزارەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کراوەتە کرۆکی پرسیارەکان و وەك بەشێك لە هۆکارەکانی قەیرانی سیاسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ئاراستەی بەرتوێژان کراوە وەك دیارە لە بڕگەی یەکەمدا کە ڕێژەکەی نزیك دەبێتەوە لە (70%) ولاٚمدەری پارتە سیاسیەکان پێیان وایە کە ناڕونی لە پەیکەری دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان هەیە بۆ نوێنەرایەتیکردنی تەواوی پارتە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان ئەمەش لە سۆنگەی ئەوەی کە دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان چەترێکە بۆ هەموو پارتە سیاسیەکان و پێکهاتەکانی کوردستان بە ئۆپۆزسیون و دەسەلاتەوە کە دوربێت لە دەسەلاتی جێبەجێکردن و ململانێی سیاسی پارتەکان ئەمەش ڕێژەیەکە بەرزە لە ولاٚمی ڕای بەرتوێژان بۆ لەبەرچاوگرتنی ڕێکارە سیاسیەکان لە داهاتوودا بە مەبەستی ڕێگریکردن لە دوبارەبوونەوەی قەیرانی سیاسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان.

بڕگەی دووەمی ولامی بەرتوێژان ئەوە دەسەلمێنێ کە پێیان وایە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردسان بەردەوام لەبەردەم قەیرانی سیاسیدایە وەك بەشێك دابەشکاری پۆستی سیادی لە هەرێمی کوردستان بۆیە دان پێدانەنان بە کێشەی سەرۆکایەتی هەرێم وەك قەیرانێکی سیاسی بەردەوام لە کوردستان خۆی بەشێکە لە هۆکاری سەرهەڵدانی قەیران کەلە پلەی دووەمدا دێت لە ولاٚمی بەرتوێژانی پارتە سیاسیەکان، ئەمیش پەیوەستە بە بڕگەی سێیەم کە پێدانی دەسەلاٚتی زۆرە بە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان وەك بەشێك لە هۆکاری سەرهەڵدانی قەیران و مایەی ناڕەزای پارتە سیاسیەکانە، ولامی لێتوێژەران لەم سێ ئاستەی سەرەوە ڕوونە کە بەهای ولاٚمەکان بۆ هەرسێ بڕگەی ئەم ئاستە لە نێوان ڕێژەی زیاتر لە (69% بۆ 67%) کە ئەمەش بەهایەکی ناوەندی بەرزە بۆ ئەگەرەکانی لەبەرچاوگرتنی ڕای بەرتوێژان لە پارتە سیاسیەکان بۆ چۆنیەتی بەرێوەبردنی ئالینگریەکانی بەرێوەبردنی قەیرانی سیاسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان.

نزمترین ڕێژەی ولاٚمی لێتوێژەران لە ئاستی سێیەمدا بڕگەی (x25 ) کە ئاماژەیە بۆ دەرکەوتنی ئۆپۆزسیون و حزبی نوێ لە گۆڕەپانی سیاسیدا، لە دواین پلەدایە بە ڕێژەی (63.71%)لەگەڵبوون، توێژەر پێی وا بووە دەرکەوتنی بزووتنەوەی گۆڕان کە زیاتر پەیوەستە بە بڕگەی (x25 ) لە پرسیارەکانی ئەم تەوەرەیە کە ئاماژەیە بۆ دەرکەوتنی ئۆپۆزسیون بە شێوەیەکی کارا کارەکتەری سەرەکی بوونە بۆ جولاندنی کێشەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و کردنی بە قەیرانێکی سیاسی بە ئامانجی گۆڕینی سیستەمی سیاسی کە دواجار لێکەوتەکانی بوونە قەیرانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، بەلاٚم دەبینین ئەم بڕگەیە نزمترین ئاستی وەرگرتووە لە ڕێژەی لەگەڵبوونی لێتوێژەرانی پارتە سیاسیەکان، لەژێر ڕۆشنایی ئەو دەرەنجامەی کەلە خشتەکەدا خراوەتەڕوو ناوەندی ژمێریاری یەکسانە بە (3.75) و لادانی پوانەیی (1.23) لەگەڵ کۆی گشتی ڕێژەی لەگەڵبوون کە دەگاتە ڕێژەی (75.09%)لەگەڵبوون، ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە بۆ کۆی گشتی ولاٚمی پرسیارەکان و ڕێژەی لەگەڵبوونی لێتوێژەرانی سیاسی، کە تەواوی بڕگەکانی تەوەری سێیەم ڕێخۆشکەربوونە بۆ ململانێ و سەرهەڵدانی قەیرانی سیاسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان.

تەوەری چوارەم: ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە چارەسەرکردنی قەیرانە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بە گشتی و قەیرانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی.

خشتەی ژمارە (8) دیاریکردنی ڕێژەی لەگەڵبوون بۆ ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان سیاسی ئەمیش دوای گرتنەبەری ڕێشوێنەکانی پەیوەست بە چارەسەری بۆ پرسی قەیرانی قەیرانە سیاسیەکان

سیاسی کە کەسایەتی کادیری باڵای پارتە سیاسیەکان لە پەیوەندیە گشتییەکان دەتوانێت ڕۆڵی تێدا بگێڕێت.

لە خشتەی ژمارە (9) کە تایبەتە بە تەوەرەی سێیەم و ئاماژەیە بۆ **ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە چارەسەرکردنی قەیرانە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بە گشتی و قەیرانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی** دەرەنجامی هەریەکە لە پرسیارەکان تیایدا ڕوون کراوەتەوە کە ئاراستەی کۆمەڵگەی توێژینەوە کراون و ڕێژەی لەگەڵبوونی لێتوێژەرانی شەش پارتە سیاسیەکە کراوە بۆ هەریەکە لەم پرسیارانەی خوارەوە:

| دووبارە بوونەوە و ڕێژەی سەدی و ناوەندی ژمێریاری و لادانی پێوانەیی و ڕێژەی لەگەڵبوون بۆ تەوەری ( ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە چارەسەرکردنی قەیرانە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بە گشتی و قەیرانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی) | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی لەگەڵبوون | لادانی پێوانەیی | ناوەندی ژمێریاری | ئێجگار زۆر | | زۆر | | مامناوەند | | کەم | | ئێجگار کەم | | بڕگەکان |
| | | | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | |
| 68.00% | 0.984 | 3.40 | 12.9% | 9 | 32.9% | 23 | 40.0% | 28 | 10.0% | 7 | 4.3% | 3 | X28 |
| 74.29% | 1.065 | 3.71 | 20.0% | 14 | 51.4% | 36 | 14.3% | 10 | 8.6% | 6 | 5.7% | 4 | X29 |
| 84.00% | 0.734 | 4.20 | 38.6% | 27 | 42.9% | 30 | 18.6% | 13 | 0.0% | 0 | 0.0% | 0 | X30 |
| 84.86% | 0.751 | 4.24 | 40.0% | 28 | 47.1% | 33 | 10.0% | 7 | 2.9% | 2 | 0.0% | 0 | X31 |
| 60.86% | 0.859 | 3.04 | 2.9% | 2 | 28.6% | 20 | 40.0% | 28 | 27.1% | 19 | 1.4% | 1 | X32 |
| 64.57% | 0.887 | 3.23 | 7.1% | 5 | 31.4% | 22 | 38.6% | 27 | 22.9% | 16 | 0.0% | 0 | X33 |
| 68.29% | 0.925 | 3.41 | 10.0% | 7 | 38.6% | 27 | 37.1% | 26 | 11.4% | 8 | 2.9% | 2 | X34 |
| 56.86% | 0.958 | 2.84 | 2.9% | 2 | 21.4% | 15 | 41.4% | 29 | 25.7% | 18 | 8.6% | 6 | X35 |
| 68.57% | 0.910 | 3.43 | 8.6% | 6 | 44.3% | 31 | 30.0% | 21 | 15.7% | 11 | 1.4% | 1 | X36 |
| 71.14% | 0.845 | 3.56 | 7.1% | 5 | 54.3% | 38 | 28.6% | 20 | 7.1% | 5 | 2.9% | 2 | X37 |
| 71.14% | 0.754 | 3.56 | 8.6% | 6 | 45.7% | 32 | 38.6% | 27 | 7.1% | 5 | 0.0% | 0 | X38 |
| 66.86% | 0.915 | 3.34 | 11.4% | 8 | 28.6% | 20 | 44.3% | 31 | 14.3% | 10 | 1.4% | 1 | X39 |
| 70.57% | 0.944 | 3.53 | 15.7% | 11 | 37.1% | 26 | 31.4% | 22 | 15.7% | 11 | 0.0% | 0 | X40 |
| 70.57% | 0.989 | 3.53 | 18.6% | 13 | 31.4% | 22 | 35.7% | 25 | 12.9% | 9 | 1.4% | 1 | X41 |
| 69.71% | 0.880 | 3.49 | 8.6% | 6 | 45.7% | 32 | 34.3% | 24 | 8.6% | 6 | 2.9% | 2 | X42 |
| 64.00% | 0.957 | 3.20 | 7.1% | 5 | 34.3% | 24 | 31.4% | 22 | 25.7% | 18 | 1.4% | 1 | X43 |
| 58.29% | 1.139 | 2.91 | 8.6% | 6 | 24.3% | 17 | 27.1% | 19 | 30.0% | 21 | 10.0% | 7 | X44 |
| 68.97% | 0.91 | 3.45 | | | | | | | | | | | گشتی |

به شێوەیەکی گشتی دەتوانین ئەم خشتەیە پۆلێن بکەین بۆ چوار ئاستی وڵامی لێتوێژەران کە بە پێی هەڵسەنگاندنی ڕێژەی سەدی وڵامدەرەکان پۆلێن بکەین بۆ ئاستی یەکەم بە ڕێژەی لەگەڵبوونی (80%) بەرەوسەرەوە و ئاستی دووەم بۆ ڕێژەی لەگەڵبوونی (70%) ئاستی سێیەم بە ڕێژەی لەگەڵبوونی (60%) بە سەرەوەیە و ئاستی چوارەمیش نزمترین ئاستە کەلە (50%) بە سەرەوەیە.

لە ئاستی یەکەمی خشتەکەدا کە تەنها دوو بڕگەیە، وەك لە بڕگەی (x30)دا گرنگی بوونی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی دروستبوونی کێشەو ململانێ و قەیران لە پلەی یەکەمدایە بە ڕێژەی (84.00%) زۆرینەی لەگەڵبوون و بڕگەی (x31) گرنگی بوونی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەو ململانێ و قەیرانی سیاسی لە پلەی دووەمدا دێت بە ڕێژەی (84.86%) بە زۆرینەی لەگەڵ بوون، لێرەوە بۆمان دەدەکەوێت کە زۆرینەی لێتوێژەرانی ئەندامانی مەکتەبی پەیوەندی پارتە سیاسیە دەستنیشانکراوەکان بە زۆرینە لەگەڵ ئەوەدان کە پەیوەندییە گشتییەکان گرنگە بۆ دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی دروستبوونی کێشەو ململانێ و قەیران هەروەها بە زۆرینەش بە گرنگی دەزانن بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی

ئاستی دووەم لە خشتەکەدا کە ڕێژەی لەگەڵبوونی (70%) بەسەرەوە دەگرێتەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە وەك لە بڕگەی (x29)دا هاتووە زۆرینەیان لەگەڵ ئەوەدان کە مەکتەبی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ سازانی سیاسی و نیشتمانی بێت و نەکەوێتە ژێر کاریگەری گوتاری سیاسی حزب لەکاتی قەیرانی سیاسیدا لە پلەی یەکەمدایە بە ڕێژەی (74.29%) هەروەها هەدوو بڕگەی (x37) کەبیە زۆرینە پێیان وابووە کە پەیوەندییە گشتیەکانی نەکەوتبووە ژێرکاریگەری گوتاری سیاسی حزب لەکاتی قەیرانی سیاسی سەرۆکایەتی هەرێم لەگەڵ بڕگەی(x38) کە زۆرینەیان پێیان وابووە پەیوەندییە گشتییەکان ڕۆڵی هەبووە لە ڕەخساندنی زەمینەی گفتوگۆی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی سەرۆکایەتی هەرێم، ئەم دوو بڕگەیە هەردوکیان لە یەك ئاستدان کەبە ڕێژەی (71.14%) یەکسانن و بەکورتی زۆرینەیان لەگەڵ ئەوەدان کە پەیوەندی گشتی گرنگە بۆ دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی قەیرانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان.

لە ئاستی سێیەمی تەوەوری چوارەمی فۆرمیدا ڕاپرسیدا لە خشتەی ژمارە (5)دا کە ڕێژەی لەگەڵبوونی (60%) بەسەرەوە دەگرێتەوە کەلە حەوت بڕگە پێکاتووە بە پێی بڕگەکان گرنگی پەیوەندییە گشتییەکان ڕونکراوەتەوە وەك لە بڕگەی (x42)دا هاتووە کە پەیوەندییە گشتییەکان تا چەند توانیویەتی هۆکارەکانی دروستبوونی قەیرانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەستنیشان بکات لە پلەی یەکەمدایە بە ڕێژەی (69.71%) بە نزیکەیی زۆرینەی لەگەڵبوون و بڕگەی (x36) ولامی لێتوێژەران ڕوون دەکاتەوە کە ئایا پەیوەندییە گشتییەکان هوشیاری پێشوەختە دەداتە بەرپرسی بەشەکانی و زانیاریان پێ دەدات لەسەر قەیرانی سیاسی و خۆ ئامادەکردن بۆ بەڕێوەبردن و چارەسەرکردنی لە پلەی دووەمدا دێت بە ڕێژەی (68.29%) لەگەڵبوون،

هەروەها بڕگەی(x34) ئایا سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی پارتەکەتان زانیاری پێویست بە پەیوەندییە گشتییەکانی پارتەکەتان دەگەیەنێ پێش دروستبوونی قەیرانی سیاسی پلەی سێیەمی وەرگرتووە بە ڕێژەی (68.29%) لەگەڵبوون و بڕگەی (x28) تا چەند لەگەڵ پێکهاتە و پەیکەری مەکتەبی پەیوەندییە گشتییەکانی پارتە سیاسیەکەتان هاوڕای لە شێوازی کارکردن و پلان و بەرنامەی سیاسیدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانە سیاسیەکان پلەی چوارەمی لەو ئاستەدا وەرگتووە بە ڕێژەی (68.00%) لەگەڵبوون.

پلەی پێنجەمی ئەم ئاستە وەك لە بڕگەی (x39)دا هاتووە کە تا چەند پەیوەندییە گشتییەکان توانیویەتی بە شێوەیەکی لۆژیکی و بابەتیانە هەوڵی چارەسەرکردنی قەیرانی سیاسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بدات بە ڕێژەی (64.57%)ی مام ناوەند وڵامی لێتوێژەرانی وەرگرتووە.

پلەی شەشەمی ئەم ئاستەش بریتییە لە بڕگەی (x43) بۆ وڵامی پرسیاری کە ئایا پەیوەندییە گشتییەکان تا چەند توانیویەتی ڕۆڵی نێوەندگیری هەبێت لە کاتی قەیرانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندا وڵامی وڵامدەرەوەکانی بە ڕێژەی (64.00%)ی مام ناوەند لەگەڵبوونی وەرگرتووە.

حەوتەم پلەی ئەم ئاستەش بریتییە لە بڕگەی (x43) بۆ وڵامی پرسیاری کە ئایا پەیوەندییە گشتییەکان تا چەند توانیویەتی ڕۆڵی نێوەندگیری هەبێت لە کاتی قەیرانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندا وڵامی وڵامدەرەوەکانی بە ڕێژەی (64.00%)ی مام ناوەند لەگەڵبوونی وەرگرتووە

کۆتا بڕگەی ئەم ئاستەش کە پلەی هەشتەمە بریتییە لە بڕگەی (x32) بۆ وڵامی پرسیاری قەیرانی سیاسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کە بەردوام جێگەی مشتومڕبووە، کە ئایا تا چەند پەیوەندییە گشتییەکان پلانی هەبووە بۆ ڕێگریکردن لە دروستبوونی قەیرانە توێژەر هەوڵیداوە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی قەیرانی سیاسی لە هەرێمی کوردسان و سیاسییەکان، وڵامی وڵامدەرەوەکانی بە ڕێژەی (60.86%)ی مام ناوەند لەگەڵبوون لێکۆڵینەوە و زیانەکان و ئەگەرەکانی سەرهەڵدانەوەی بخاتەڕوو بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر لە وەرگرتووە. لێکۆڵینەکەیدا بە پوختی ئەنجامەکانی لە چەند خاڵێکدا کورت کردۆتەوە لەوانە:

نزمترین ڕێژەی وڵامی لێتوێژەران لە ئاستی چوارەمدایە کەلە دوو 1- بڕگەی توێژەر هەوڵیداوە و لە لێکۆڵینەوەکە ئاشکرایکردووە، قەیرانی سیاسی لە هەرێمی وڵامدەرەوەکان پێکهاتووە وەك لە بڕگەی (x44 ) کە ئاماژەیە بۆ پرسی پەیوەندییە کوردستان بەردەوامی دەبێت لەبەر نەبوونی دامەزراوەیی دەستوری..

گشتییەکانی پارتەکان کە تا چەند دیدو تێڕوانینی جیاواز لە حزبی هەبووە بۆ چارەسەری 2- توێژینەوەر هەوڵیداوە بەردەستبوونی تواناکانی مەکتەبی پەیوەندییە گشتیەکانی قەیرانی سیاسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، کەلە ئاستێکی پەسەند دایە بە ڕێژەی شەش پارتی کوردستانی نیشان بدات، کە یارمەتی پارتی سیاسی بدەن لە ڕێگەی (58.29%) لەگەڵبوون، دواین پلەی ئاستی چوارەم بریتییە لە بڕگەی (x35) کە پەیوەست بە پەیوەندییە گشتییەکان بۆ ڕێگریکردن لە قەیرانەکان و ڕوودانیان و گەمارۆدانیان و بە ئامادەسازی پێشوەختە لە ئۆرگان و مەکتەبی پەیوەندی گشتی پارتەکە سیاسیەکان لە چارەسەرکردنی کاریگەرییەکانیان کاتێک ڕوودەدەن..

تواناکانی دارایی و هونەری و تیمی ڕێکخراو کە ئامادەبن بۆ ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانی 3- توێژینەوەکە ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکانی لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لەنێو قەیران و چۆنیەتی هەڵسوکەوت لەگەڵیداو دواتر بەڕێوەبردن و چارەسەرکردنی کە کەمترین جەماوەری ناوەخۆ و دەرەوەی پارتە سیاسیەکان نیشانداوە کە لە ڕێگەی ڕێژەی لەگەڵبوونی هەبووە بە ڕێژەی (56.86%) کەلە ئاستی پەسەنددایە، ئەمەش بە بەکارهێنانی ئۆرگانی پەیوەندییە گشتییەکان و نوێنەرایەتیان لە کۆبوونەوەی گشتی مانایە دێت کە کادیرانی باڵای مەکتەبی پەیوەندییە گشتییەکانی پارتە سیاسییەکان وتا میدیای چاپ و دەنگی و بینراو هەروەها تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان. توێژینەوەکە ڕادەیەکی کەم ڕازین بە ئامادەکاری و پاڵپشتی پارتەکەیان بۆ ئاماسازی پێشوەختە سەلماندی کە قەیرانە سیاسییەکان پێویستیان بە دەستێوەردانی خێرای پەیوەندییە گشتییەکانە بۆ کۆنترۆڵکردنیان قەیران و ئامادەکاری بۆ بەڕێوەبردنی.

لەژێر ڕۆشنایی ئەو دەرەنجامەی کەلە خشتەکەدا خراوەتەڕوو ناوەندی ژمێریاری یەکسانە بە (**3.45**) و لادانی پوانەیی (**0.91**) لەگەڵ کۆی گشتی ڕێژەی لەگەڵبوون کە دەگاتە ڕێژەی (**68.97%**) کە بەهایەکی مام ناوەندە لە ڕازیبون و لەگەڵبوون، ئەمەش ڕێژەیەکی بەرز نییە بۆ کۆی گشتی وڵامی پرسیارەکانی تەوەری چوارەم و ڕێژەی لەگەڵبوونی لێتوێژەرانی سیاسی، کە تەواوی بڕگەکانی تەوەری چوارەم کە ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە چارەسەرکردنی قەیرانە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بە گشتی و قەیرانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی ڕوون دەکاتەوە، توێژەر پێی وابووە کە پێکهاتە و پەیکەری مەکتەبی پەیوەندییە گشتییەکانی پارتە سیاسییەکان ڕۆڵی گەورەیان هەبووە بڕیاری سیاسی لە سازانی سیاسی و نیشتیمانی و ڕەخساندنی زەمینەی گفتوگۆی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان هەروەها پلان و بەرنامەی پێشوەختەیان هەبووە بۆ بەڕێوەبردنی قەیرانی سیاسی سەرۆکایەتی هەرێم و بەلایەنی کەمەوە تا ڕادەیەکی زۆر نەکەوتونەتە ژێر کاریکەری پارتی سیاسیان لە پێناو ڕێگریکردن

لە سەرهەڵدانی قەیرانی سیاسی، هەروەها پێی وابووە کە توانایی دارایی و هونەری و لوجیستی باشیان لەبەرداستدایە بۆ بەڕێوەبردنی قەیران یان ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانی، بەڵام لەژێر ڕۆشنایی ولامی لێتوێژەران و بە کۆی ڕێژەی لەگەڵبوون و ڕەزامەندیان کەلە پلەی ناوەندیدایە دەرکەوێت کە لە لایەن سەرکردایەتی پارتە سیاسیەکانەوە زۆر جێگەی گرنگی پیدان و پاڵپشتی نەبوونە بە شێووەیەك کە ڕۆڵی تەواوی خۆیان بگێڕن وەك ئەرکی سەرەکی پەیوەندییە گشتیەکان لە بەکارهێنانی توانای کادیرانی باڵای پەیوەندییەکان کە دەبوایە ڕۆڵی سەرەکی بگێڕن لە قەیرانەکاندا بە تایبەتی قەیرانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان.

4- لە هەمان کاتدا توێژینەوەر ئاشکرایکردووە کە هیچ پلانێکی ڕوون بۆ پەیوەندییە گشتییەکان لە پارتە سیاسیەکان نییە لە ئەگەری دووبارەبوونەوەی قەیرانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بە تایبەتی قەیرانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کە وایان لێبکات قەیرانەکان بەڕێووەببەن.

5- توێژینەوەکە دەریخستووە کە ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکان بە کۆتایی قەیرانەکان کۆتایی نایەت، بەڵکو دەبێت بەردەوام ئامادەیی هەبێت بۆ هەڵسەنگاندنی قەیرانەکان، کە پێوەرێکە بۆ سەرکەوتنی پەیوەندییە گشتییەکان لە بەڕێوەبردنی قەیرانەکاندا. توێژینەوەکە سەلماندی کە پەیوەندییە گشتییەکان توانا ماددی و مرۆییەکان دیاری دەکات کە پێویستن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانەکان لە پێش و لەکاتی ڕوودانی و دوای ڕوودانی، ئەمەش پێویستییەکی سەرەکییە بۆ ڕێگریکردن لە ڕوودانی قەیرانەکان و سنووردارکردنی و گەشەسەندنی.

6- لە مەکتەبی پەیوەندییە گشتییەکان بودجەیەکی پێویست دەبێت هەبێت بۆ پەیوەندییە گشتییەکان کە یارمەتی دەدات لە دارشتنی پلان و بەرنامەکان و گەیشتن بە ئامانجەکانی و مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانە ئەگەرییەکان و قەیرانە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان.

7 -لێکۆڵینەوەکە سەلماندی کە پرۆسەی بەڕێوەبردنی قەیران پێویستی بە دابینکردنی تیمێکی یەکگرتوو هەیە، کە ئەرکێکی پێدەسپێردرێت بۆ کۆتاییهێنان بە قەیران، پەیکەری ئەم تیمە بە پێی جۆری قەیرانەکان و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیدا جیاوازە، هەروەها تیمەکە بۆ پلانی بەڕێوەبردنی قەیرانەکان پێویستی بە هەماهەنگی هەیە لەگەڵ ئۆرگانەکانی تری شەش پارتە سیاسیەکەی هەرێمی کوردستان لە پەیوەندییە گشتیەکاندا.

**دەرئەنجامەکان:**

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر هەوڵیداوە کە گرنگی و ڕۆڵی پەیوەندییە گشتیەکانی شەش پارتی سیاسی ( بزوتنەوەی گۆڕان، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، کۆمەڵی دادگەری کوردستان، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، حزبی شیوعی کوردسان) دیاری بکات لەکاتی قەیرانە سیاسیەکان لە هەریمی کوردستان لە نێویاندا

**سەرچاوەکان**

**سەرچاوە بە زمانی کوردی**

- هۆشیار مزەفەرعەلی، پەیوەندییەگشتییەکان، هەولێر، ڕۆژهەڵات،2011.

2 - بەهائەدین ئەحمەد، پەیوەندییەگشتییەکان لە دامەزراوەکانی راگەیاندن، سلێمانی: چوارچرا،2019:.
بە زمانی عەرەبی
3- د،لبنان هاتف الشامي، الاعلاقات العامة المبادئ والاسس العلمية، عمان. دار اليازوري للنشر والتوزيع، 2001،
4- الياس سلوم،تقنية العلاقات العامة، بيروت: دار الرضا للنشر, 2000،
5-د،عبدالرزاق محمد الدليمي، العلاقات العامة في التطبيق، عمان: دارجرير للنشر،2005،
6- منال هلال المزاهرة، ادارة العلاقات العامة وتنظيمها، عمان: الطبعة الثانية، دار الميسرة للنشر والتوزيع2019.
7- جودت عزت عطوي، اساليب البحث العلمي-مفاهيمه-ادواتة طرق الاحصائية، عمان: دار الثقافة للنشر والتوزيع،2000..
6 - د،حەميد جاعد الدليمي,اساسيات البحث العلمي، بغداد،شركة الحضارة للطباعة والنشر،،2004،
7 - د.رحيم يونس كرو العزاوي، مقدمة في المنهج البحث العلمي، عمان: دار دجلة،2008.
8 -د.محمد بن سعود البشير. مقدمه فى اتصال السياسى. مكتبه العبيكان. الرياض، 1997..
9ـ علي عجوة، العلاقات العامة وقضايا التنمية في مصر، القاهرة، عالم الكتب، 1977.
10ـ غسان قاسم داود اللامي و خالد عبدالله إبراهيم العيساوي، إدارة الأزمات الأسس والتطبيقات،بغداد،2015.
11ـ د. محمد سرور الحريري, ادارة ازمات السياسية,دار الحامد للنشر والتوزيع،عمان.اردن،2011.
12ـ الدكتور بطرس حلاق، العلاقات العامة والأزمات، الجامعة الافتراضية السورية ، سوريا. 2020.
13ـ د.عبدالحميد البلداوى، اساليب البحث العلمي والاحصائي, عمان, دارالشروق. ط2, 1992.
14ـ د.مصطفى حميد الطائي و ا.خير ميلاد ابوبكر, مناهج البحث العلمي وتطبيقاتها في الاعلام والسياسة.
15ـ عبدالله فلاح المنويل, مناهج البحث في العلوم التربية و النفسية، اريد, دار اثراء النشر والتوزيع، 2010.
16ـ منير البعلبكي: المورد، دارالعلم للملايين- بيروت 2004،
17ـ محمد فريد محمود عزت: قاموس المصطلحات الاعلامية، دارالمكتبة الهلال، لبنان، 2008..
18ـ محمد شومان,تطور المعالجة الاعلامية للازمات والكوارث, مجلة المصرية للبحوث والراي العام, جامعة القاهرة. 2001.
به زمانی فارسی
18ـ حسين حسيني: مديريت بحران، انتشارات ناجا، تهران، 1388.
20ـ سيد سجاد فالى: اصول و مقدمات مديريت بحران، نشر پلك، چاچ اول 1394.
21ـ د.فريدون ورودى نژاد: مديريت بحران رسانەها، انتشارات دانشگاه تهران، چاپ اول 1388.

**سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی:**
بە زمانی ئیگلیزی
- Communication Political of Handbook). 1981. (Sanders and 22 Nimmo 28 - 27.pp, Sage, Hills Be
23- John E. Spillon and William Rick Crandall; "Crisis Planning in the Nonprofit Se
24- Heath & Palenchar, 2009, p. 278
25- Another part of the risk communicatin model: Analysis of risk communication process and message Content
ctor: Should Occur?Southern Business Review; spring, 2002.

دور العلاقات العامة في حل الأزمة السياسية في إقليم كوردستان (أزمة رئاسة إقليم كوردستان نموذجا)

رسالةتقدم إلى مجلس كلية الآداب ، جامعة صلاح الدين ، أربيل ضمن متطلبات الحصول على درجة الماجستير في الإعلام.

فخر حسن خانو
كلية الآداب/قسم الإعلام
جامعة صلاح الدين/ إقليم كوردستان

ملخص....
يلعب اليوم علم العلاقات العامة دورا مهما في الحياة الاجتماعية والاقتصادية والسياسية وأي منظمة سواء كانت سياسية أو دولية وإنسانية أو شركات تجارية وتكنولوجية، كضرورة العصر لتحقيق أهدافها والتعامل معها من خلال العلاقات العامة.

إذا كانت العلاقات العامة مهمة للاقتصاد والأعمال والترويج، فهي أكثر أهمية للأحزاب والمنظمات والاحزاب السياسية، بحيث تلعب العلاقات العامة في المنظمات والأحزاب السياسية دورا مهما في دعم مؤسساتها والاستفادة من فرص تمنيتها واستدامتها.

يظهر أهمية دور العلاقات العامة في الاحزاب السياسية أثناء وجود الانقسامات والمشاكل والأزمات والصراعات، أينما كانت هناك أزمة، في بلد أو منطقة أو حزب سياسي، يجب أن تلعب مؤسسات العلاقات العامة دورا مهما في التعامل مع الأزمة من خلال اتخاذ الإجراءات المناسبة للتواصل مع الجمهور واستخدام جميع أدوات الاتصال الداخلية والخارجية في مؤسساتهم السياسية للتعامل مع قادة الرأي العام بين الناس. لتجاوز الحاله من الازمة ولتبقى سمعة المؤسسات السياسية بين الجماهير، وكذلك خلق بيئة سياسية هادئة ومحاولة استعادة حالة ما قبل الأزمة.

حاول الباحث في هذه الدراسة تحديد أهمية ودور العلاقات العامة لستة أحزاب سياسية (حركة كوران، الاتحاد الإسلامي الكردستاني، جمعية العدالة الكردستانية، الاتحاد الوطني الكردستاني، الحزب الديمقراطي الكردستاني، الحزب الشيوعي الكردستاني) من خلال الأزمات السياسية في اقليم كوردستان

من ضمنها ازمة الرئاسة اقليم كوردستان، ولا زال مثيرا للجدل حتى الان، يحاول الباحث عرض اسباب الازمة السياسية في اقليم كوردستان وكشف تداعياتها واضرارها واحتمالات حدوثها مجددا. والباحث وضع النتائج بشكل مختصر في النقاط التالية منها:

1ـ حاول الباحث الكشف عن استمرار الأزمة السياسية في إقليم كوردستان بسبب عدم وجود مؤسسات دستورية.

2ـ حاول الباحث اظهار مدى توافر امكانيات مكاتب العلاقات العامة في الاحزاب الكوردستانية الستة لمساعدة الاحزابهم السياسية من خلال العلاقات العامة لمنع حدوث الازمات واحتوائها وحل اثارها عند حدوثها.

3ـ بينت الدراسة دور العلاقات العامة في نشر الوعي بين الجماهير داخل الأحزاب السياسية وخارجها من خلال استخدام أجهزة العلاقات العامة وتمثيلها في اللقاءات العامة ووسائل الإعلام المطبوعة والمسموعة والمرئية وكذلك شبكات التواصل الاجتماعي. وأثبتت الدراسة أن الأزمات السياسية تتطلب تدخلا سريعا في العلاقات العامة لاحتوائها.

4ـ في الوقت نفسه، كشف الباحث عن عدم وجود خطة واضحة للعلاقات العامة في الأحزاب السياسية في حال تكرار الأزمة السياسية في إقليم كوردستان، لا سيما أزمة رئاسة إقليم كوردستان.

5ـ بينت الدراسة أن مهمة العلاقات العامة لا تنتهي بانتهاء الأزمات، بل يجب أن تكون على استعداد دائم لتقييم الأزمات، وهو مقياس لنجاح العلاقات العامة في إدارة الأزمات. وقد أثبتت الدراسة أن العلاقات العامة تحدد القدرات المادية والبشرية لادارة الازمة والتعامل معها قبل حدوثها وأثناءها وبعدها، وهو أمر ضروري لمنع حدوث الأزمات والحد منها وتطورها.

6ـ يجب أن تكون هناك ميزانية ضرورية للعلاقات العامة لدعم وضع الخطط والبرامج وتحقيق أهدافها والتعامل مع الأزمات والأزمات السياسية المحتملة في إقليم كوردستان.

7ـ أثبتت الدراسة أن عملية إدارة الأزمات تتطلب توفير فريق متكامل يتم تكليفه بمهمة إنهاء الأزمة، ويختلف شكل هذا الفريق حسب نوع الأزمة وكيفية التعامل معها. ويحتاج الفريق أيضا إلى التنسيق مع الهيئات الأخرى للأحزاب السياسية الستة في إقليم كوردستان في العلاقات العامة لخطة إدارة الأزمات.

The role of public relations in resolving political crisis in the Kurdistan Region (the crisis of the presidency of the Kurdistan Region as an example)

it's a letter

Submitted to the Council of the College of Arts, Salahaddin University, Erbil as part of the requirements for obtaining a Master's degree in Media

**Abstract**:

Today, the public relations science plays a fundamental part in social, economic and political life. To achieve their goals, It is an exclusive need for all organizations whether local, international, political, commercial or even technological companies, to adjust themselves with the environment around through public relations.

If public relations is important for the economy, business and promotion, it is more important for political parties and organizations, so that public relations in political organizations and parties have a crucial role in supporting their institutions and taking advantage of opportunities for their development and sustainability.

The importance of role of public relations in political organizations during the existence of divisions, problems, crises and conflicts is more important. Wherever there is a crisis in a country or region or between political parties, public relations institutions must engage in dealing with the crisis through taking appropriate measures to communicate with the public and use all internal and external communication tools in their political institutions to deal with the public opinion and decision makers to ease the situation and create a positive atmosphere to restore the reputation of political institutions, as well as create a calm political environment and try to restore the pre-crisis situation.

In this study, the researcher has tried to show the importance and role of public relations of six political parties (Gorran Movement, Kurdistan Islamic Union, Kurdistan Justice Society, Patriotic Union of Kurdistan, Kurdistan Democratic Party, and Kurdistan Communist Party) during political crises in the Kurdistan Region, which have been constantly controversial. The researcher has tried to present the factors which triggered the political crisis in the Kurdistan Region and present the consequences and possibilities of its resurgence.

1- The researcher has tried to reveal that the political crisis in the Kurdistan Region will continue due to the lack of constitutional institutions.

2- The researcher has tried to show the availability of capabilities of the public relations bureaus of the six Kurdistan parties, to help political parties through public relations to prevent crises and their occurrence, containment and resolve their effects when they occur.

3- The study shows the role of public relations in spreading awareness among the masses inside and outside the political parties through the use of public relations organs

and their representation in public meetings, publications, audio and visual media as well as social networks. The study proved that political crises require quick public relations intervention to contain them

4- At the same time, the researcher has revealed that there is no clear plan for public relations in the political parties in the event of repeat of political crisis in the Kurdistan Region, especially the crisis of the presidency of the Kurdistan Region.

5. The study showed that the task of public relations does not end with the end of crises, but must be constantly ready to assess crises, which is a measure of success of public relations in crisis management. The study proved that public relations determines the material and human capabilities needed to deal with crises before, during and after they occur, which is essential to prevent crises from occurring, and to limit and stop them develop.

6. There should be a necessary budget for public relations that will help in formulating plans and programs, achieving its goals and deal with possible crises and political crises in the Kurdistan Region.

7. The study proved that the crisis management process requires the provision of an integrated team, which will be assigned a task to end the crisis. The form of this team varies according to the type of crisis and how to treat the crisis. Moreover, for managing the crises, the team needs coordination with the organs of the six political parties in the Kurdistan Region in public relations.